The man killed himself. پیاوەکە خۆی کوشت

کارلێکراو بکەر

She burned her self ئەو خۆی سووتاند

I burned my self من خۆم سووتاند

Dara and Zara killed the selves دارا و زارا خۆیان کوشت

We blamed our selves ئێمە خۆمانمان سەرکۆنە کرد

هەروەها لە دوای زیندە واژە preposition بەکار دەهێنرێت و واتای (بە تەنیایی) یان (تەنیا خۆ) دەدات:

He sits by himself	ئەو بە تەنیا دانیشتووە
I did it by self	تەنیا خۆم ئەنجامم دا (کردم)
He speaks to himself	ئەو لەگەڵ خۆی دەدوێت

وانەی سێزدەیەم

The adjectives ناوەڵناوەکان

ناوەڵناو ووشەیەکە کە دۆخ و چەڵۆنایەتی ناو یا ڕاناوی ناوەکە بەیان دەکـات و دەیێت هۆی پێ ناساندنی ناو:

a book — پەك کتێب

a re .d book — کتێبێکی سوور

هەروەك لەوانەکانی پێشوودا باسمان کردووە ناوەڵناو شەش جۆری هەیە و لـێرەدا بە ڕێز باسیان لێوە دەکەین:

١- ناوەڵناوی نامازە :

Demonstrative adjectives and pronouns:

ئەم ناوەڵناوە کـە بـۆ نامـازە (ئیشـارە) کـردن بـۆ دوور یـان نزیـك بەکاردەهێنرێت هەم وەك ڕاناو و هەم وك ناوەڵناو بە کاردەهێنرێت و لـە ڕاسـتیدا پێی دەڵێن(ناوەڵناوو ڕاناوی نامازە) بۆ جیاکردنەوەی دۆخی ناوەڵناوی لە دۆخی ڕاناوی پێویسـتە سـەرنج لەدەستەواژە یا ڕستەکە بدەین هەرکاتێك لەگەڵ ناودا بێت لەوا دەیێتە ناوەڵناوی نامازە بەڵام ئەگەر لەگەڵ ناودا نەبەت دەیێتە ڕاناوی نامازە:

This — ئەم ../ ئەمە (بۆ نزیك) — these — ئەمانە .. / ئەم ..انە (بۆ کۆی تاکی نزیك)

that — ئەو ../ ئەوە (بۆ دوور) — Those — ئەوانە .. / ئەو . انە بۆ کۆی تاکی دوور

This man is my brother

ئەم پیاوە بڕای منە (لێرەدا وەکو ئامازە بەکارهاتووە)

This is my brother

ئەمە بڕای منە (لێرەدا this جێگای پیاوەکەی گرتووەم)

ئەم کتێبە ئینگلیزیانە سەرنج ڕاکێشن (ئامازە)

These English books are interesting

ئەمانە سەرنج ڕاکێشن (لەباتی کتێبەکان کە ئاون these بەکار هاتووە)

These are interesting

What is that? It is a cat ئەوە چیە . ئەو یەك پشیلەیە

What are those? They are Tomatoes ئەوانە چین ؟ ئەوان تەماتەن

٢- ناوەڵناوی دابەشین

Distributive adjective and pronouns

ناوەڵناوی دابەشین ئەمانەی خوارەوەن :

every	هەر هەمرو	every one	هەربەکێك
each	هەر	every thing	هەر شتێك
		every body	هەر کەسێك

شایانی سەرنجە کە وشەکانی سەرەوە لە ڕاستیدا هەم ڕانـاوی دابەشـین و هـەم ناوەڵناوی دابەشین و وا لە خوارەوە باسیان لێ دەکەین:

A-each: ئەم ووشەیە هەم ناوەڵناوە و هەم جێ ناویشە بەڵام every لەبا ناوەڵناوە.

دوو کوڕ هاتنە ژوورەوە، هەریەکەیان جانتایەکی هەڵگرتبوو (هەڵدەگرت)

Two boys intered, each was carrying a case.

لێرەدا پێویست ناکات وشەی boys لە دوای each دووبارە بکەینەوە، لەم ڕستەیەدا every ناتوانێت لە باتی each بەکاربهێنرێت، تەنیا کاتێك بەکاردەهێنرێت کە ووشەی boys لە دوای every بنووسرێت وەك لەلای خوارەوە دەبینین:

دوو کوڕ هاتنە ژوورەوە هەر کان و لە کورەکان جانتایەکی هەڵگرتبوو (هەڵدەگرت) .

Two boys intered, every bous was carring a case.

each, every هەمیشە تاکن و فرمانی تاکیان بە دوادا دێت، لێرەدا was فرمانی تاکە.

B- every one , every body : ئەم دوو ووشەیە هەر دووکیان ڕاناون و لە باتی دەستەواژەکانی all people بەکار دەهێنرێن لەبارەی واتاوە جیاوازیەکیان نییە و هەردووکیان فرمانی تاك وەردەگرن لەدوای خۆیان وەك:

هەرکەس (هەموو کەس) لەوی خۆش دەوێت.

Every body likes him (واتە هەموو ئەوانەی دەیناسن)

هەرکەس (هەموو کەس) چەپڵەی لێدا

Every one clapped (واتە هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەدان)

ڕوشه‌ی every thing ته‌نیا ڕاناوه و واتای all things یان all things ده‌دات، له دوای خۆی فرمانی تاك وه‌رده‌گرێت.

هه‌ر شتێك (هه‌مو شتێك) ئاماده بوو.

(واته هه‌ر شتێکی که پێویست بوو ئاماده کرابوو، Every thing was ready دتوانین به‌مجۆره‌ش بڵێین: (All the things were ready) به‌ڵام له‌سه‌ی دووه‌میان زۆر زۆر به‌که‌می به‌کارده‌هێنرێت.

C- either, neither :ئه‌م دوو وشه‌یه هه‌م ناوه‌ڵناون و هه‌م ڕانـاون either واتای یه‌کێك له دوو که‌س یان دوو شت ده‌دات.

I want to read either ده‌مه‌وێت یه‌کێکیان بخوێنمه‌وه

Do you read either of these? ئایا یه‌کێك له‌مانه ده‌خوێنیته‌وه

No , I don't read either له‌خێر من هیچ یه‌ك له‌مانه ناخوێنمه‌وه

شایانی باسه که either له‌گه‌ڵ فرمانی نه‌ری و niether له‌گه‌ڵ فرمـانی نـه‌ری به‌کار ده‌هێنرێت:

I read neither = I don't read either ناخوێنمه‌وه

neither = not either

باشتر وایه که neither له سه‌ره‌تای ڕسته‌دا بێت به ته‌نیا وك وه‌ڵامـی نـه‌ری بۆ ڕسته‌ی پرسیاری به‌کار بهێنرێت.

Neither of them was good هیچ یه‌ك له‌وان باش نه‌بوو،

Which did you buy? Neither کامیانت کڕی؟ هیچ یه‌ك (هیچیان)

شایانی باسه سه‌رنجه که ووشه‌کانی also و too ش له ڕسته نه‌ری یه‌کاندا ده‌بن به either:

I want to come too. هه‌روه‌ها منیش ده‌مه‌وێت بێم.

ڕەمانی ئەرێنی

I don't want to come either. هه‌روه‌ها منیش نامه‌وێت بێم

ڕەمانی ئەرێنی

They also want this book هه‌روه‌ها ئه‌وانیش ئه‌م کتێبه‌یان ده‌وێت

They don't want this book either. هه‌روه‌ها ئه‌وانیش ئه‌م کتێبه‌یان ناوێت

ڕەمانی ئەرێنی

ئێبینی: either , neither سه‌رەڕای واتای باس کەراو واتای (هه‌روه‌ها) و (هه‌روه‌هانه) ش ده‌ده‌ن:

ئه‌و ئێستا کار ناکات هه‌روه‌ها ئازادیش نا، (واته ئازادیش کار ناکات)

He isn't working now, neither is azad.

ئه‌و ئه‌مڕۆ یاری ناکات،هه‌روه‌ها ئازادیش نا،(واته هه‌روه‌ها ئازادیش یاری ناکات).

She isn't playing today, neither is azad.

ئێمه دوێنێ خه‌ریکی خوێندنه‌وه بووین هه‌روه‌ها ئه‌وانیش.

We were reading yesterday, either were they.

٣- ناوەڵناوی چەندایەتی

Quantitative adjectives and pronouns

ناوەڵناوه‌کانی چەندایەتی که هێندێکیان جێگای ناویش ده‌گرن و له ڕاستیدا هه‌م ناوەڵناون هه‌م ناون بڕیتین له :

any	هه‌ر	no	نه
little	که‌م	few	که‌م
some	هێندێك	one	یه‌ك

many	زۆر	much	زۆر
a	یەك	none	هیچ لە

شایانی باسە ژمارەکانیش لەگەڵیکەونە پێش ناوەوە دەبنە ناوەڵناوو لەگەڵیش بە تەلیایی بەکار بهێنرێن دەبنە ڕاناو:

I have six pens. I have six

من شەش دانەم هەیە. لەو شەش پێنووسی هەیە.

Farhad wrote four Dara wrote ten letters

فەرهاد چوار دانەی نووسی. دارا دە نامەی نوسی.

A – a , one: ناتوانین هەمو جارێك ووشەیone لە باتیanیان هەوەك ناوەڵناو بەکار بهێنین:

کاتێك کە دەڵێین a pencil مەبەستمان ئەوەیە بڵێین any pencil وات هەر پێنووسێك و دەلالەت لە پێنووسێکی تایبەت ناکات، بەڵام کاتێك دەڵێین one pencil مەبەستمان لە بەکارهێنانی one ژمارەی پێنووسەکەیە کە لە یەك پێنووس لە زیاترەو نە کەمترە.

B– any , some: لەم دوو وشەیە دەکرێ لە پێش ناوە کۆیەکان و لەو ناوانەی کە ناژمێردرێن بەکار بهێنرێن، دەتوانن هەم بنە ڕاناو و هەم بن ناوەڵناو:

من پرێك کەرەم هەیەوتۆش پرێك هەیە

I have some butter,and you have some

ناوەڵناو ڕاناو

He has some friends لەو پرێك (هێندێك) هاوڕێی هەن.

There is some good news for you. هێندێك هەواڵی خۆش بۆ تۆ هەیە.

ناوەڵناو ناوی کۆ ناوەڵناو

any لەم دۆخانەی خوارەوەدا بەکاردەهێنرێت:

١- لە ڕستەی نەرێنی Negative یەکاندا: من هیچ کەرەم نییە و ئەویش هیچی نییە .

I have not butter, and he has not any.

He has not friends. ئەو هیچ هاوڕێی نین.

There is not any good news for you. هیچ هەواڵێکی خۆش نییە بۆ تۆ.

٢- لە ڕستە پرسیاری interrogative یەکاندا:

Have you any mony? ئایا هیچ پارەیەکت هەیە؟

Did you see any bird? ئایا هیچ باڵندەیەکت دیت؟

Do you have any book? ئایا هیچ کتێبێکت هەیە؟

Don't put any sugar in my tea هیچ شەکر مەکە ناو چایەکەی منەوە

بەڵام کاتێك پرسیارەکە وەکو تکاو داواکاری بێت لە باتی some,any بە کار دێنین:

Will you drink some tea? ئەیە هێندێك چای دەخۆیتەوە؟

٣- any لە دوای if (ئەگەر) بەمجۆرە بەکار دەهێنرێت:

If you have any difficulty, ask me for help.

ئەگەر هیچ گیر و گرفتێکت هەیە داوای یارمەتیم لێ بکە.

٤- any لە باتی ووشەی every یەکار دەهێنرێت:

Any book about riding will tell you to mount a horse.

هەر (هەموو) کتێبێك لە بارەی سواریەوە باسی سواربوونی ئەسپت بۆ دەکات.

C- no , none : بۆ بەیانکردنی وانایەکی نەرێ لەگەڵ فرمانە نەرێنیەکاندا بەکار دەهێنرێن.

بەجۆرە هەر کام لەمانە دەتوانێت ببێتە جێ نشینی فرمانێکی نەرێ + any پێویستە لە بیرمان نەچێت کە any هەم وەک ڕاناو و هەم وەک ناوەڵناو بەکار دەهێنرێت بەڵام none تەنیا وەک ناوەڵناو :

I have not any apples	من هیچ سێوێکم نیە
He has not any	ئەو هیچی نیە (مەبەست سێوە)
I have no apples	من سێوم نیە
I have none	من هیچم نیە (مەبەست سێوە)
He didn't eat any cucumbers	ئەو هیچ خەیاری نەخوارد
He didn't eat any	ئەو هیچی نەخوارد (مەبەست خەیارە)
He ate no cucumbers.	ئەو هیچ خەیاری نەخوارد
He ate none	ئەو هیچی نەخوارد (مەبەست خەیارە)

سەرەنجام بەم ئاکامە دەگەین کە :no = not any

شایانی باسە کە no, any, some لەگەڵ ووشەکانی hing یان body لێک دەدرێن و ئەم وشە لێکدراوانە دروست دەکەن.

some body = some one

any body = any one

no body = no one

nothing = not any thing

D- few,little : little لە پێش ئەو ناوانە بەکاردەهێنرێت کە ناژمێردرێن وەک (coffee,tea,Jam,milk,butter,bread) بەڵام few لە پێش ئەو ناوانە

بەکار دەهێنرێت کە دەژمێردرێن.little, few بە کەمی لە رستەی نەرێ دا بەکار دەهێنرێت مەگەر کاتێك بکەونە پێش ووشەی very لە هەر ئەوە لە باتی , not much , little لە باتی not many , few بەکار دەهێنرێت:

much + فرمانی نەرێ = little+ فرمانی لەرێ

many + فرمانی نەرێ = few+ فرمانی ئەرێ

I have little time ---------- I do not have much time

من کاتم زۆر نیە من کاتم کەم هەیە

He ate few apples -----He did not eat many apples

ئەو سێوی زۆ رنەخوارد ئەو سێوی کەم خوارد

کەوانە: few = not many , little = not much

E- a few , a little: شایانی باسە کە a few و a few لە پێش ئەو ناوانە بەکار دەهێنرێن کە (کۆ)ن و دەژمێردرێن countableبەلآم little وlittle لە پێش ئەو ناوانە بەکاردەهێنرێت کە ناژمێرێن uncountable.

a little و a few واتای نەرێ دەدەن، a few دەلالەت لە ژمارەیەکی کەم و a little دەلالەت لە نەندازە (رِادەی) یەکی کەم دەکات، بەلآم fewیان littleواتای نەرێ دەدەن و دەلالەت لە کەم بوون و نەبوونی شتێك دەگەن:

من خانوو بەرەیەك وچەندە(ئاکر)زەویم هەیە. (واتا لانی کەم سێچوار ئاکرو رەنگە پرِیشم هەبێت) I have a house and a few acres of land.

من ئەوەندە هاورِێم نین. (لەبەرئەوە) زۆربەی کات تەنیام

I have few friends and I am often lonely.

* ئاکر : یەکەیەکی پێوانەییە

شایانی باسە کە few لەم ڕستەیەی سەرەوەدا واتای not manyدەدات.

من هێندە پارەم نییە و ناتوانم ئوتومبێلێك بکڕم.

I have very little money, I can not afford to buy a car.

شایانی باسە کە ئەگەر لە پێش ووشەی money ووشەی a little بەکارهاتبایە، ووشەی not دوایی فرمانی can وون دەبو وە واتای ڕستەکە ئاوای لێدەهات: کەمم پار هەیە و ناتوانم ئوتومبێل بکڕم ، کەواتە:

a few = some
few = no many
a little = some
little = not much

وڵامی پرسیارەکان

وشەکانی پرس

لەم ووشانە تەنیا لە سەرەتای ڕستەدا دێن.

Who : ئەم ووشەیە ڕانـاوە و لـە دۆخـی بکـەریدا تـەنیا بـۆ (کـەس) بـەکار دەهێنرێت، لە قسە کردندا لە دۆخی کارلێکراوی (مفعول) دا لە باتی whom بەکار دەهێنرێت.

Who took my Hat? کێ کڵاوی منی هەڵگرت؟ (دۆخی بکەری)

Who are those men? لەو پیاوانە کێن؟ (دۆخی بکەری)

Who (Whom)did you see? تۆ کێت دیت؟ (دۆخی کارلێکراوی)

Who (Whom) did she say? لەو پارەی دا بە کی؟ (دۆخی کارلێکراو)

Whom:تەنیا بۆ (کەس) لە دۆخی کـارلێکراوی‌دا بـەکاردەهێنرێت. لـە گفتوگـۆدا لە باتی whom سوود لە who وەردەگرێت.

Whom did you meet?

or

who did you meet? تۆ چاوت بەکێ کەوت؟

Whom هەروەك who تەنیا وەك ناوەڵناو بەکار دەهێنرێت.

Whose: ئەم ووشەیە ئەگەر (ناو)ی بە دوادا بێت لە ڕیزی ناوەڵناو دەژمێردرێت، ئەگەر ناوێشی بە دوادا نەبێت دەبێتە ڕاناو:

whose book did you borrow? کتێبی کێت قەرز کرد؟
ناوەڵناو ناو

whose is that house? لەو خانووە هی کێیە؟
فرمان ڕاناو

Whose تەنیا بۆ کەس بکار دەهێنرێت.

What: لەم ووشەیەش هەم ڕاناوە و هەم ناوەڵناو، لە دۆخی بکەری و کارلێکراوی بۆ (شت) و هەندێك جاریش بۆ (کەس) بەکاردەهێنرێت:

(دۆخی بکەری):

What delayed you?	چی تۆی وەدوا خست؟
The storm delayed me	گێژەڵۆکە وەدوای خستم
What did they eat with?	ئەوان بە چی‌یان خوارد؟
They ate it with fork.	ئەوان بە چنگاڵیان خوارد

(دۆخی کارلێکراوی):

What newspaper do you read?	چ ڕۆژنامەیەك دەخوێنیتەوە؟
I read the Times.	من ڕۆژنامەی تایمز دەخوێنمەوە.
What time is it?	کاتژمێر چەندە؟
What street is this?	ئەمە چ شەقامێکە؟

Which: هەم ڕاناوە و هەم ناوەڵناوە بۆ (کەس) و (شت) لە دۆخی بکەری و کارلێکراوی دا بەکار دەهێنرێت.

Which of them is the biggest?	گەورە ترینی ئەوان کامەیە؟

کامەیانت پڕ خۆش دەوێت؟ دارام لە هەموان پڕ خۆش دەوێت.

Which do you like best? I like Dara best.

Which school did he go to, Kurdistan or Rzgary?

He went to Rzgary.

ئەو چوو بۆ کامە قوتابخانە. کوردستان یان ڕزگاری؟ ئەو چوو بۆ ڕزگاری.

Why:(بۆچی):واتە بۆچی، بە ووشەی because(لە بەر ئەوە)وەڵام دەدرێتەوە:

Why was he late?

He was late because he missed the bus.

بۆچی ئەو وەرەنگ کەوت (تاخیر بوو) لە بەر ئەوەی پاسەکەی لە دەست دا (واتە بە پاسەکە نەگەیشت)

when: بۆ پرسیار لە کات بەکار دەهێنرێت واتە کەی، کەنگێ ، چ کاتێك:

when do you get up?

I get up at seven a.m.

تۆ کەنگێ لە خەو هەڵدەستیت؟ من کاتژمێری حەوتی بەیانی (a.m) لە خەو هەڵدەستم.

when did you go there? تۆ کەنگێ چویتە ئەوێ؟

Where: بۆ پرسیار لە شوێن واتای کوێ یان لە کوێ دەدات:

Where do you live?

I live in London لە کوێ دەژیت؟. لە لەندەن دەژیم.

How: واتە چۆن ، بە چ شێوەیەك :

How did you come? تۆ چۆن هاتیت؟ بە فڕۆکە هاتم

I came by plane.

how لەم سێ دۆخەی خوارەوەشدا بەکار دەهێنرێت:

A-لە پێش ناوەڵناوەکان لە باتی (to be + ناو + What)، لەو پرسیارانەدا کە لە بارەی size(لەد و بالآ) و لەندازەوە دەکرێت، بەکار دەهێنرێت:

How tall are you? I am six feet. تۆ چەند درێژیت؟ من شەش فووت درێژم

ناوەڵناوی چۆنایەتی

How high is the mount Everest? کێوی ئیڤەرێست چەند بەرزە؟

ناوەڵناوی چۆنایەتی

Possessive adjectives ناوەڵناوی خاوەندارێتی

ناوەڵناوی خاوەندارێتی (الصفه الملكيه) بۆ ئیشاندانی خاوەندارێتی بەکاردەهێنرێت و لە دوای ئەو ناو دێت:

My هی من (کەسی یەکەمی تاك) Our هی ئێمە (کەسی یەکەمی کۆ)

Your هی تۆ (کەسی دووەمی تاك) Your هی ئێوە (کەسی دووەمی کۆ)

Their هی ئەوان (کەسی سێیەمی کۆ)

His

Her

Its

هی ئەو (کەسی سێیەمی تاك)

This is my pen	ئەمە پێنووسی منە
This is their house	ئەمە خانووی ئەوانە
This is its leg	ئەمە لاقی ئەوە (بێ عەقڵ)
It is our room	ژووری ئێمەیە
This is your face	ئەمە ڕووخساری تۆیە
These are his hands	ئەمانە دەستی ئەون
This is her book	ئەمە کتێبی ئەوە

لە بیرمان نەچێت کە ئەوانەی سەرەوە ناوەڵناوی خاوەندارین و ڕاناوی خاوەندارێشمان هەیە کە لەوانەکانی پێشەوەدا خوێندمان، هەروەك دیارە جیاوازیان زۆرە و لە ڕستەدا بەکارهێنانیان وەك یەك نییە، ڕاناوەکانی خاوەندارێتی دەکەونە کۆتایی ڕستەوە بەڵام ناوەڵناوەکان دەکەونە سەرەتا ناوەڕاستی ڕستەوە.

it is over five miles high. ئه‌و پتر له‌ پێنج مایل به‌رزه

How wide is the river? ڕووباره‌که‌ چه‌ند پانه‌ (به‌رینه)؟
ئاوه‌ڵناوی چۆنایه‌تی

It is fifty yards wide. ئه‌و په‌نجا یارد پانه‌ (به‌رینه) .

B- له‌ پێش ئاوه‌ڵناوی چۆنایه‌تی many , much به‌کار ده‌هێنرێت:

How much do you want? چه‌نده‌ت ده‌وێت؟

How many pictures did you buy? چه‌ند دان وێنه‌ت کڕی؟

که‌واته‌ لێره‌دا How much واتای (چه‌ند) بۆ شتێك نه‌ژمێردرێت و How many واتای چه‌ند یا چه‌ند دانه‌ بۆ شتێك که‌ بژمێردرێت ده‌دات.

C- له‌ پێش ئاوه‌ڵفرمانه‌کان به‌کار ده‌هێنرێت:

How fast does he drive?
He drives at fifty miles an hour.

ئه‌و به‌ چ خێرایی‌یه‌ك ئۆ ده‌خوڕێت؟ ئه‌و به‌ خێرایی په‌نجا مایل له‌ کاتژمێرێکدا ئۆ ده‌خوڕێت.

How often do you go a broad?
I go every year.

ماوه‌ی چه‌ند جارێك ده‌چیته‌ ده‌ره‌وه‌؟ من هه‌مرو ساڵێ جارێك ده‌چمه‌ ده‌ره‌وه‌:

How often do you read newspapers?
I read once a day.

ماوه‌ی چه‌ند جارێك ڕۆژنامه‌ ده‌خوێنیته‌وه‌؟ ڕۆژی جارێك ده‌خوێنمه‌وه‌.

٥. ڕاناوی لکاو Relative Pronouns

ڕاناوه‌ لکاوه‌کان پێناسه‌ی دەسته‌واژه‌ لکاوه‌کان ده‌که‌ن، دەسته‌واژه‌ لکاوه‌کان دوو جۆرن:

١- دەسته‌واژه‌ی وەسفی.

٢- دەسته‌واژه‌ی ناوەسفی.

دەسته‌واژه‌ی وەسفی به‌ جۆرێك وەسفی ناوه‌که‌ پێش خۆی ده‌کات که‌ له‌ ته‌واوی ناوه‌ هاوجینه‌کانی خۆی جیابێته‌وه‌ و ئاشکرا بێت، بوونی ئه‌م جۆره‌ دەسته‌واژه‌یه‌ بۆ باش تێ گه‌یشتن له‌ ناوی پێشتر هاتوو وا ناوی به‌رایی زۆر پێویسته‌.

The man who dined here last night,was taken to hospital.

له‌و پیاوه‌ی که‌ شه‌وێ دی لێره‌ شیوی خوارد بردرایه‌ نه‌خۆشخانه‌.

بوونی دەسته‌واژه‌ی (Who dined here last night) له‌ ڕسته‌ی سه‌ره‌وه‌دا پێویسته‌ چونکه‌ به‌ نه‌بوونی ئه‌م دەسته‌واژه‌یه‌ ڕوون نیه‌ ئێمه‌ ئه‌باره‌ی چ پیاوێکه‌وه‌ ده‌دوێین.

ڕاناوی لکاو به‌ گوێره‌ی ئه‌وه‌ی که‌ ناوی به‌رایی (شت) بێت یان (که‌س) جیاوازی هه‌یه‌، به‌ڵام ناوی به‌رایی تاك بێت یان کۆ ئێرینه‌ بێت یان مێینه‌ گرنگ نیه‌.

A-بۆ (که‌س)

The girls who serve in the office are clever.

له‌و کچانه‌ی که‌ له‌ فه‌رمانگه‌که‌دا خزمه‌ت ده‌که‌ن، زیره‌کن.

له‌ هێندێك دۆخدا له‌ جێگای whom,who یان that به‌کارده‌هێرێت، ووشه‌ی that پر له‌ گفتوگۆی ڕۆژانه‌دا به‌کار ده‌هێرێت، زۆربه‌ی جاران هیچ کامیان به‌کار ناهێرێت:

لەو پیاوەی کە من دیتم پێیان دەگوت سمیث :

a- The man whom I saw was called smith.

b- The man who I saw was called smith.

c- The man that I saw was called smith.

d- The man I saw was called smith.

بۆ (کەس) لە دۆخی خاوەندارێ دا whose بە کار دەهێنرێت:

The woman whose umbrella you took, is very angry about it.

لەو ژنەی کە چەترەکەت لێ هەڵگرت لەو کارە زۆر تووڕەیە.

The men whose houses were damaged will be compensated.

ئەو پیاوانەی کە خانووەکانیان زیانی دیت قەرەبوویان پێ دەدرێتەوە.

B- بۆ (شت)

لە دۆخی بکەری و کارلێکراوی دا بۆ شت whichیان Thatبە کار دەهێنرێت،

Which لایەنی ڕەسمی هەیە بەڵام لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا thatبە کاردەهێنرێت.

The dog that won the race ئەو سەگەی پێش بڕکێیەکەی بردەوە (دۆخی بکەری)

The book which wrote by my father ئەو کتێبەی کە لایەن باوکمەوە نووسرا (دۆخی بکەری)

The cows that give most milk ئەو مانگایانەی کە زۆرترین شیر دەدەن (دۆخی بکەری)

The book that I bought. ئەو کتێبەی کەمن کڕیم

(دۆخی کارلێکراو)

بۆ (شت) لە دۆخی خاوەندارێ دا whose بە کار دەهێنرێت.

The house whose roof was damaged in the storm.

ئەو خانوەیەی کە لە گەردەلوولەکەدا زیانی لێ کەوت.

٢- دەستەواژەی ناوەڵناوی:

دەستەواژەی ناوەڵناوی دەخرێتە پێش ئەو ناوە کە پێشتر ناسراوە کەواتە پێناسە ناو ناکات بەڵکو زانیاری یەکی بۆ دەربارەی (ناوی بەرایی)یەوە دەداتە دست بە پێچەوانەی دەستەواژەی وەسفی بە بڕونی دوستەواژەی ناوەڵناوی لە ڕستەدا زۆر پێویست نییەو ئەگەر لە ڕستەدا نەنووسرێت چ گۆڕانکارێکی لەو تۆ لە ناوەرۆکی ڕستەکەدا پێك نایەت.

دەستەواژەی ناوەڵناوی پڕ لە نووسیندا بەکار دەهێنرێت تا لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا فۆرمی ئەم ڕاناوانە لە تاك و کۆ و نێرینە و مێینەدا هەربەکە.

A- فۆرمی ڕاناوە لکاوەکان بۆ (کەس):

لە دۆخی بکەریدا Who (Nominative) بەکار دەهێنرێت.

لە دۆخی کارلێکراودا who , whom (Accusative) بە کار دەهێنرێت.

لە دۆخی خاوەنداریدا whose (Possessive) بەکار دەهێنرێت.

B- فۆرمی ڕاناوە لکاوەکان بۆ (شت) :

لە دۆخی بکەریدا which (Nominative) بەکار دەهێنرێت.

لە دۆخی کارلێکراویدا which (Accusative) بەکار دەهێنرێت.

لە دۆخی خاوەنداریدا (Possessive) of which یان whose بەکاردەهێنرێت.

زانیاری پانزەهەم

The adverbs ناوەڵفرمان

لە زمانی ئینگلیزی دا حەوت جۆر ناوەڵفرمان (ظرف) هەیە.

١- ناوەڵفرمانی دۆخ (حالەت)وەك:

Quietly	بە ئارامی، بە هێواشی	Bravely	بە ئازایی ، ئازایانە
carefully	بە وورییایی	Happily	بە خۆشی
Gradually	بەرە بەرە	Late	بە درەنگی
Quickly	بە تاو	Completely	بە تەواوی
		Hardly	بە دژواری

٢- ناوەڵفرمانی شوێن وەك :

At home	لە ماڵدا	Up	سەرەوە
Here	ئێرە	Any where	هەر شوێن
Down	خوارەوە	In class	لە پۆل دا
		There	لەوێ

٣- ناوەڵفرمانی کات وەك :

Soon	زوو	Today	ئەمڕۆ
At 5 o'clock	لە سەعات ٥	In 1997	لە ساڵی ١٩٩٧
Now	ئێستا	Still	هێشتا
		This morning	ئەم بەیانییە

٤- ناوەڵفرمانی چەند پاتە (تکرر) وەك:

Usually	به شێوه‌ی ئاسایی	Never	هه‌رگیز
Once	جارێك	Generally	به شێوه‌ی گشتی
Allways	هه‌میشه	Often	زۆر جارن
Seldom	به دگمه‌ن	Some times	هه‌ندێك جار
		Twice	دووجار

٥-ئاوه‌ڵفرمانی ڕاده‌ده (له‌ندازه) وه‌ك:

Little	كه‌م	Quite	ته‌واو
Very	زۆر	Too	زۆر
Rather	تا ڕاده‌یه‌ك نیسبه‌ته‌ن	Extremely	له ڕاده به ده‌ر

٦- ئاوه‌ڵفرمانی پرس وه‌ك :

Why	بۆچی	How	چۆن
When	كه‌نگێ	Where	كوێ ، له كوێ

٧-ئاوه‌ڵفرمانی لكاو وه‌ك:

why , where , when

تێ بینی :

به زیاد كردنی پاشگری (ly) به كۆتایی زۆربه‌ی ئاوه‌ڵناوه‌كانه‌وه، ئاوه‌ڵفرمان دروست ده‌بێت ، وه‌ك :

ئاوه‌ڵفرمان		ئاوه‌ڵناو	
Slowly	به هێواشی	Slow	هێواش
Badly	به خرابی	Bad	خراپ
Cleverly	به زیره‌كی ، زیره‌كانه	Clever	زیره‌ك

Bravely به نازایی نازایانه Brave نازا

به‌ڵام ئه‌و ووشانه‌ی که دوا پیته‌که‌یان بریتی‌یه له y پێویسته پیتی y بگۆڕدرێت بۆ i ئینجا ly زیاد بکرێت، وەك:

Gaily ب خۆشحاڵی Gay خۆشحاڵ

زێد واژه (حرف جر) *Preposition*:

ئه‌و ووشانه‌ی که ناوه‌کان و ڕاناوه‌کان به ووشه‌کانی دیکه‌وه ده‌به‌سته‌وه له ڕسته‌دا پێیان ده‌گوترێت حرف جر Preposition ئێمه لای خۆمان دوای لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی وورد گه‌یشتینه ئه‌و ئاکامه که له کوردیدا له سه‌ر بناغه‌ی (ده‌سته‌واژه) وشه‌ی (زێده‌واژه) له باتی (حرف جر) بکار بهێنین، وشه‌ی (ئامرزای‌پەیوەندی) له باتی (حرف ربگ) Conjunction به‌کار بهێنین.

زێده واژه‌کان له زمانی ئینگلیزیدا زۆرن و له به‌کارهێنانیشدا به شێوه‌یه‌کی ئاڵۆز به‌کار ده‌هێنرێن. بۆ نموونه ووشه‌ی on واتای (له سه‌ر) ده‌دات، هه‌ر ئه‌م ووشه‌یه به چه‌ندین واتای تر به‌کار ده‌هێنرێت به‌ڵام له دۆخ و شوێنی جیاجیادا لێره‌دا چه‌ند زێده‌واژه‌یه‌کی به سوود باس ده‌که‌ین که به دوادا چونیان زۆر پێویسته:

at – له : بۆ کات به‌کار ده‌هێنرێت:

له سه‌عات شه‌ش	at six o'clock
له شه‌ودا	at night
له نیوه‌ڕۆدا	at noon

واته بۆ سه‌ری سه‌عات و شه‌وو ڕۆژ و نیوه‌شه‌و at به‌کار دێنین.

on= لە سەر / لە:لە پێش ڕۆژەکانی هەفتەو ناوی شەقامەکان و ڕۆژەکانی مانگ و جەژنەکان بەکاردەهێنرێت:

on july 21 st	لە بیست و یەکەمی جولای
on Clarck street	لە شەقامی کلارك
on Sunday	لە ڕۆژی یەکشەممە
on christmas day	لە ڕۆژی کریسمەس

in =لە ناو / لە : لە پێش هەر دوازدە مانگ و ساڵ و چوار وەرزەکان و لە پێش بەیانی و دوانیوەڕۆ و ڕۆژئاوادا بەکار دەهێنرێت:

in 1941	لە ساڵی ١٩٤١
in march	لە مانگی مارس دا
in the morning	لە کاتی بەیانیدا
in summer	لە هاویندا
in the evening	لە ئێوارەدا

بەڵام وەك لە پێشەوە گوتمان بۆ شەو دەڵێین at night بۆ نیوەڕۆ دەڵێین at noon.

from = لە بۆ بەیان کردنی حەرەکەتێك لە شوێنەکەوە بە کار دەهێنرێت بەڵام بە یارمەتی (to) تەواو دەکرێت و دەگاتە جێی مەبەست.

from واتە (لە) to واتە (بۆ):

They flew from London to paris.

لەوان لە لەندەنەوە (بە فڕۆکە) فڕین بۆ پاریس.

You read the book from the beginning to end.

تۆ کتێبەکەت لە دەستپێکەوە تا کۆتایی خوێندەوە.

بەڵام بۆ گەیشتن بە شارێکی گەورە یان وڵاتێك دەڵێین:

We arrived in London لێمە گەیشتینە لەندەن

واتا لە باتی in , to بەکار دەهێنین.

to بۆ بەیانکردنی حەرەکەتێك لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی دی بەکاردەهێنرێت:

He going to market ئەو دەچێت بۆ بازاڕ

I am going to party من دەچم بۆ ئاهەنگ. (حفلە)

He return to his work ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی

by = بە / بەهۆی: ئەم ووشەیە بۆ کەرەستەکانی گواستنەوە بەکاردەهێنرێت:

by train بەشەمەندەفەر

by car بە ئوتومبێل

by plane بە فڕۆکە

by bus بە پاس

by boat بە بەلەم

بەڵام بۆ پاسکیل و گوێ درێژ و ئەسپ و ... لە باتی by , on بەکار دەهێنرێت:

On bicycle بە سواری پاسکیل

On donkey بە سواری کەر

On horse بە سواری ئەسپ

On foot بە پێیان

هەروەها لە پێش ووشەکانی (sea , land , air) by بەکار دەهێنرێت:

by land لە ڕێگای زەمینیەوە

by sea لە ڕێگای دەریاوە

by air لە ڕێگای هەواوە

till یان untill = تا – هەتا – تاکوو: ئەم دوو ووشەیە دەکەونە پێش ناوەڵفرمانی کاتەوە و دەڵالەت لە دەمی داهاتوو دەکەن.

He worked till eight نەو تا (سەعات) هەشت کاری کرد

Good by untill tomorrow خودا حافیز تا سبەینێ

I shall stay here till next month تا مانگی داهاتوو لێرە دەمێنمەوە

Since= لە ... وە: بۆ بەیانکردنی ماوەی ڕوودانی کارێك لە دەمێکی ڕابردووەوە تا ئێستا بەکار دەهێنرێت واتە تەنیا بۆ کات بەکار ردەهێنرێت:

He worked in London since 1994.

نەو لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە لە لەندەن کاری کرد.

Sinceهەمیشە لەگەڵ دەمی ڕابردووی ئەواو بەکار دەهێنرێت و لێی جوێ ناکرێتەو هەروەها since لەگەڵ وەك ناڕازی پەیوەندی بەکار بهێنرێت دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە و واتای (لەبەر ئەوەی) دەدات.

Since you don't trust me, I will not tell you any thing.

لە بەر ئەوەی باوەڕم پێ ناکەیت ، من هیچ شتێکت پێ ناڵێم.

for= بۆ : ئەگووشەیە لە دوو دۆخدا بەرامبەر (بۆ)ی کوردیبە هەروەك ئەویش بەکار دەهێنرێت.

یەکەم بۆ ماوە و کات و دووەم وەك ناڕازی پەیوەندی.

for six days بۆ (ماوەی) شەش ڕۆژ .

for ever بۆ هەمیشەیی (هەتا هەتایە)

for along time بۆ ماوه‌یه‌کی درێژ

it is for you ئه‌مه بۆ تۆیه

during = له ماوه‌ی ... دا : بۆ ماوه‌یه‌ك به‌كار دەهێنرێت كه دیاریكراوو ئاشكرایه و به‌دوای ئه‌ودا یه‌كسه‌ر ناوی كاته‌كه دەگورێت یان یه‌كێك لەم وشانه‌ی به دوادا دێت:

his , my , that , this , the , those غوونه:

During the summer له ماوه‌ی هاویندا

During 1991 له ماوه‌ی ساڵی ١٩٩١ دا

During the middle ages له (ماوه‌ی) سه‌ده‌كانی ناوڕاستدا

During the time له‌و ماوه‌یه‌دا

During my holiday له ماوه‌ی پشوودانم دا

During his child hood له ماوه‌ی منداڵی ئه‌ودا

After wards , after = له دوای : ئه‌م دوو وشه‌یه هه‌ردووك یه‌ك واتان به‌ڵآم afterكاتێك به كارده‌هێنرێت كه به دوای ئه‌ودا ناو یان ڕانار یان ناوی چاوگ واته فرمان + ingبێت:

after you دوای تۆ

after saying good bye دوای خودا حافیزی كردن

after tea دوای چای

به‌ڵآم ئه‌گه‌ر ناو یان ڕانار یان ناوی چاوگی به‌دوادا دانه‌هات ئه‌وا له باتی after ناوه‌ڵفرمانی after wardsبه‌كار دەهێنرێت:

I went to church and after wards had lunch in the town.
من چوومه‌ کڵیسا و پاشان له‌ شار فراوین (نیوڕۆژ)م خوارد.

Like = وەك چوون/ لێك چوون : لەم ووشەیە هەم ناوەڵناوە و هەم زێدە واژەیە لە بەر ئەوە وەك ناوەڵناو و زێدە واژەكان دەكەوێتە پێش ناو بۆ ڕاناوی كارلێكراوەوە:

He is like me — ئەو لە من دەچێت (ئەو وە من دەچێت)
You are like him — تۆ لە ئەو دەچیت (تۆ شێوەی ئەو دەبت)
There is nothing like studying — هیچ شتێك نیە وەك خوێندن بێت
It looks like gold. — دەڵێی زێرە (لە زێر دەچێت)

Besides , Beside : زێدە واژەی beside واتای لە كن دەدات:

He is beside me — ئەو لە تەنیشت منە
She was standing beside me — ئەو لە تەنیشت من دادەنیشت
The cat lays beside the fire. — پشیلەكە لە تەنیشت ئاگر ڕادەكشێت

Beside هەم زێدە واژەیە و هەم ناوەڵفرمانە، لەگەڵ وەك زێدە واژە بۆ كاری بهێنین واتای (سەرەڕای) دەدات و هاوسەنگە لەگەڵ وشەی as well as:

We study English besides Kurdish — ئێمە سەرەڕای كوردی ئینگلیزیش دەخوێنین
I have three other hats besides this. — من سەرەڕای ئەو كڵاوە سێ كڵاوی ترم هەیە.
Do you have any other books besides these? — ئایا سەرەڕای ئەمانە هیچ كتێبی ترت هەیە؟

بەشی یازدەهەم

The simple past tense دەمی ڕابردووی سادە

ڕابردووی سادە کارێکە کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە، دەمی ڕابردووی سادە بۆ بەیان کردنی کارێکە کە پێشتر ئەنجام دراوە یا کاتەکەشی دیاری نەکرابێت بەڵام ئێستا نیە تێ پەڕیوە.

چۆنیەتی دروست کردنی :

پێشەکی : لە زمانی ئینگلیزیدا لە بارەی سەرفکردنی فرمانەوە بۆ دەمەکانی ئێستا و ڕابردوو ... دوو دەستە فرمان هەیە، دەستەیەکیان پێیان دەڵێن (فرمانە یاساییەکان) regular verbes ئەمانە کاتێك سەرف دەکرێن لە ڕابردووی سادە و ناوی کارلێکراو دا ed وەر دەگرن ، وەك :

like – liked – liked

play – played – played

بەڵام دەستکەی تر پێیان دەڵێن (فرمانە بێ یاساییەکان) irregular verbs ئەمانە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ فرمانە و لە سەرفکردندا وك یەك نین، ئێمە لێرە بە دواوە هەر جارەی ژمارەیەك لەم فرمانانە لەگەڵ واتاکانیان و هەرسێك دۆخی فرماندا پێش کەش بە خوێنەری بەڕێز دەکەین.

ئێمە بۆ ئاسانکاری لە فێر بوون و لەبەر کردنی فرمانە بێ یاساییەکان دەستمان دایە پۆلێن کردنیان بەمجۆرە دابەشمان کردن بە سەر چوار گروپ.

١ – ئەوانەی شێوەی چاوگ و ڕابردووی ساددە و ناوی کارلێکراویان هەریەکە وەك فرمانی : cut , cast , shut , hit...

٢-ئەوانەی شێوەی رابردووی ساددەو ناوی کارلێکراویان هەریەکە وەك فرمانی:
build, bleed, dig, feel..

٣-ئەوانەی هەرسێ شێوەی چاوگ و رابردووی سادەو ناوی کارلێکراویان جیاوازە وەك: fly, can, be, do...

٤-ئەوانەی هەریەکەیان بەجۆرێك سەرف دەکرێن وەك: shall. must, come, beat..

شایانی باسە کە هێندێکیان بە دوو شێوەی جیاواز سەرف دەکرێن. ئێمەش لێشانەی (*)یان بۆ داەنێین. بەر لەوەی چۆنیەتی دروست کردنی دەمی رابردووی سادەو بخوێنین با پێکەوە سەرنجێك لەم فرمانانەی خوارەوە بدەین و لەبەریان کەین:

infinitive چاوگ (مصدر)	واتای چاوگ بە کوردی	Past tense رابردووی سادە (ماضی)	Past Participle ناوی کارلێکراو (اسم مفعول)
to broad cast	بڵاوکردنەوە	broad cast	broad cast
to burst	قەڵشاندن	burst	rst
to cast	هاویشتن	cast	cast
to cost	نرخ هەبوون	cost	cost
to cut	بڕین	cut	cut
to beset	دەورەدان	beset	beset
to hit	لێدان	hit	hit
to hurt	ئازاردان	hurt	hurt

to hurt	ئیجازه‌دان	let	let
to let	دانان	put	Put
to put	لاسووده/ڕزگارکردن	rid	rid
to rid	خوێندنه‌وه	read	read
to read	له‌مر/ داواکردن	bid	bid
to bid	چنین-برزگرژکردن	knit	Knit
to knit	لاوابوون	set	set
to set			

له‌مجاره‌یان دێینه سه‌ر چۆنیه‌تی دروست کردنی ده‌می رابردووی ساده.

فرمانی to work که واتای کارکردن ده‌دات فرمانێکی یاسایی‌یه. بۆ دروستکردنی ده‌می رابردووی ساده ئه‌م فرمانه وه‌رده‌گرین و ed به دوایه‌وه زیاد ده‌که‌ین. بێگومان بکه‌ریش ده‌که‌وێته پێش فرمانه‌وه:

بکه‌ر +to فرمانی بێ +ed + ...

We worked .	ئێمه کارمان کرد.
You worked .	ئێوه کارتان کرد.
They worked .	له‌وان کاریان کرد.
I worked .	من کارم کرد.
You worked .	تۆ کارت کرد.
He, She, It worked	ئه‌و کاری کرد

He talked	لەو قسەی کرد.
I liked it	من حەزم چووە لەو
You arrived at 8 o'clock	ئێوە کاتژمێر ٨ گەیشتن
We lived there for 2 years	ئێمە بۆماوەی ٢ ساڵ لەوێ ژیاین
The boy cast a stone	منداڵەکە بەردێکی هاویشت
She cut her finger	لەو پەنجەی (خۆی) بڕی

٢. فۆرمی نەرێ لە ڕابردووی ساددەدا ***Negative form***

فۆرمی نەرێ لە ڕابردووی ساددەدا بە دو شێوە دروست دەبێت، یەکەم do not و چاووگی بێ to دەخرێتە دوای یەکەرەوە:

...+ فرمانی بێ to+ do not+ یەکەر

I do not worked.	من کارم نەکرد.
You do not worked.	تۆ کارت نەکرد.
We do not worked.	ئێمە کارمان نەکرد.
They do not worked.	ئەوان کاریان نەکرد.

سەرنج: فرمانی do واتە کردن، لەنجام دان بەڵام لێرەدا وەک فرمانی یارمەتیدەر بەکاردەهێنرێت هەر بۆیە واتای نەماوە خۆی لەدەست دەدات.

هەروەها do بۆ کەسی سێیەمی تاک دەبێت بە does:

He does not worked. (نێرینە)	لەو کاری نەکرد.
She does not worked. (مێینە)	لەو کاری نەکرد.
It does not worked.	لەو کاری نەکرد.

شێوەی دووەم فۆرمی نەرێ: لەم شێوەیە پڕ بەکاردەهێنرێت و بریتیە لــە بــەکارهێنانی رابردووی سادەی فرمانی doکە دەبێتە did دوای نەویش notوەردەگرین (did not). فۆرمۆلی رستە کە ئاوا دەنووسرێت:

بکەر + did not + to فرمان بێ + ..

I did not work.	من کارم نەکرد.
You did not work.	تۆ کارت نەکرد.
He / She / It — did not worked	لەو کاری نەکرد.
We did not work.	ئێمە کارمان نەکرد.
They did not work.	ئەوان کاریان نەکرد.

Intrrogative form فۆرمی پرسیاری لە رابردووی سادەدا

بە دانانی did لە پێش بکەری رستەو لێنجا فرمانی بێ to فۆرمی پرســیار لــە رابردووی سادەدا دروست دەبێت:

did+ بکەر +to چاوگی بێ +...

Did I work?	ئایا من کارم کرد؟
Did you work?	ئایا تۆ کارت کرد؟
Did — he work? / she work? / it work?	ئایا ئەو کاری کرد؟

Did we work? ئایا ئێمه کارمان کرد؟

Did they work? ئایا ئه‌وان کاریان کرد؟

تێبینی: ئه‌و فرمانانه‌ی که به y کۆتایان دێت به مه‌رجێك که له پێش y پێتێکی بێ‌ده‌نگ هه‌بێت، پیتی y ده‌بێته i و لێنجا ed وه‌رده‌گرێت:

carry + ed --- carried

study + ed --- studied

به‌ڵام ئه‌گه‌ر له پێش y پیتی ده‌نگدار هه‌بێت، فرمانه‌که گۆڕانـی به‌سـه‌ردا نایـه‌ت به‌کـه‌ر ed پێوه زیاد ده‌کرێت:

obey + ed --- obeyed

play + ed --- played

Negative ineterrogative form فۆرمی پرسیاری نه‌ری

هه‌مان ڕسته‌ی پرسیاری ئه‌ری ده‌نووسـین بـه‌ڵام وشـه‌ی notیـان n't لـه دوای did داده‌نێین به‌مجۆره فۆرمی پرسیاری نه‌ری دروست ده‌بێت:

Did not I work? ئایا من کارن نه‌کرد؟

Didn't I work?

Didn't you work? ئایا تۆ کارت نه‌کرد؟

Didn't he work? ئایا ئه‌و کاری نه‌کرد؟

Didn't we work? ئایا ئێمه کارمان نه‌کرد؟

Didn't they work? ئایا ئه‌وان کاریان نه‌کرد؟

چه‌ند نموونه‌یه‌ك بۆ ده‌می ڕابردووی ساده:

Imet him yesterdey. من دوێنێ چاوم پێی که‌وت.

I saw it in Rome.	من لە رۆما دیتم.
He learnt English at school.	ئەو ئینگلیزی لە قوتابخانە فێربوو.
Did you enjoy your Journey?	ئایا سەیرانەکەت خۆش لێ گوزەرا؟
The train arrived five. minutes ago.	شەمەندەفەرەکە ٥ دەقیقە لەمەوبەر گەیشت.
What did you see?	چیت کرد؟
Where did you go?	بۆ کوێ چوویت؟
How did you make that?	ئەوەت چۆن دروست کرد؟
Did they meet him?	ئایا ئەوان چاویان بە ئەو کەوت؟
I worked hard yesterday.	دوێنێ بە دژواری کارم کرد.
She washed the dishes.	ئەو قاپەکانی شوشتن.

The past contimous tense *دەمی رابردووی سادەی بەردەوام*

بۆ بەیانکردنی کارێك کە لە رابردوودا بەردەوام بووە بە مەرجێك کە ماوەی کارەکە دیاربێت، بەکاردەهێنرێت لەمەش بە دوو رێگا دەبێت، یان خودی ماوەی ئەنجامدانی کارەکە وەك: دوێنێ، هەفتەی رابردوو، پار بەس بکرێت، یان دەستەواژەیەکی دەمی رابردووی سادە لەگەڵ دەمی رابردووی بەردەوام تێك هەڵکێشرێن وەك رستەی (کاتێك کە چوومە ژوورێ، ئەو خەریکی نامەنووسین بوو).

چۆنیه‌تی دروست کردنی:

بۆ دروست کردنی ئه‌م ده‌مه سه‌رەتا فرمانی (بوون) to be بـۆ ده‌مـی ڕابـردووی به‌رده‌وام سـه‌رف ده‌کـه‌ت و لـێنجا ing پێـوه زیـاد ده‌کـه‌ین. ڕابـردووی to be ده‌بێته was که‌واته:

... + ing + فرمان + ڕابردووی to be+ بکەر

Iwas working. من کارم ده‌کرد (خه‌ریکی کارکردن بووم)

was ته‌نیا بۆ که‌سی یه‌کەم و سێیه‌مین تاك به‌کارده‌هێنرێت و ناکرێ بۆ که‌سی یه‌کەم و دووەم و سـێیه‌می کـۆ به‌کارهـێنرێت. لـه بـاتی were, was به‌کارده‌هێنرێت.

You were working. تۆ خه‌ریکی کارکردن بوویت.

He was working. ئه‌و خه‌ریکی کارکردن بوو.

We were working. ئێمه خه‌ریکی کارکردن بووین. (ئێمه کارمان ده‌کرد)

They were working. ئه‌وان خه‌ریکی کارکردن بوون.

Negative form فۆرمی نه‌ری

به دانانی not لـه دوای was یان were و زیادکردنی ing به کۆتایی فرمانەوه فۆرمی نه‌ری دروست ده‌بێت:

I was not working. من خه‌ریکی کارکردن نه‌بووم.

I wasn't working.

He, She, wasn't working. ئه‌و خه‌ریکی کارکردن نه‌بوو.

We wern't working.	ئێمە خەریکی کارکردن نەبووین.
They wer'nt working.	ئەوان خەریکی کارکردن نەبوون.
You wern't working.	ئێوە خەریکی کارکردن نەبوون.

Interrogative form فۆرمی پرسیار

بەجێگۆڕکێ کردن بـە was و were لەگـەڵ بکـەری رستـەی ئـەرێ فۆرمـی پرسیار دروست دەبێت:

Was I working?	ئایا من خەریکی کارکردن بووم؟
Were you working?	ئایا تۆ خەریکی کارکردن بوویت؟
Was she working?	ئایا ئەو خەریکی کارکردن نەبوو؟
Were we working?	ئایا ئێمە خەریکی کارکردن بووین؟
Were they working?	ئایا ئەوان خەریکی کارکردن بوون؟
Was he working?	ئایا ئەو خەریکی کارکردن بوو؟ (کاری دەکرد)

The present perfect tense دەمی ڕابردووی تەواو

گرنگترین دەم لە ئینگلیزیدا کە لە هەموو بارێکەوە بەکارهێنانی زۆرە دەمی ڕابردووی تەواوە. ئەم دەمە بۆ بەیانکردنی کارێك کە لە ڕابردوودا دەستی پێ کردووەو تەواویش بووە، بەڵام کات و ماوەی کارەکە نادیارە، بەکاردەهێنرێت هەرهەوەا بۆ بەیانکردنی کارێك سوودی لێ وەردەگیرێت کە لە ڕابردودا دەستی پێ کردبێت و تا ئێستاش بەردەوام بێت. هەروەها ئەم دەمە ناسراوە بە ڕابردووی گوازراوە.

چۆنیەتی دروست کردنی:

بۆ دروست کردنی ڕابردووی تەواو فرمانی (هەبوون) to have سەرف دەکەین ئینجا (ناوی کارلێکراو) (اسم مفعول) واتە سەرفکراوی سێیەمی فرمانەکە بەکاردەهێنین. to have لێرەدا وەك فرمانی یاریدەدەر بەکاردەهێنرێت و واتای هەبوون نادات. to have ئاوا سەرف دەکرێت.

to have. have, had, had ئەگەر نیشانەی چاووگ واتە to ی لێ جیابکرێتەوە تەنیا بۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاك و کەسەکانی کۆ بەکاردەهێنرێت بۆ کەسی سێیەمی تاك واتە he, she, it وشەی has بەکاردەهێنرێت:

بکەر + has, have + ناوی کارلێکراو + ...

I have worked.	من کارم کردووە.
You have worked.	تۆ کارت کردووە.
He, She, It has worked.	ئەو کاری کردووە.
We hav worked.	ئێمە کارمان کردووە.

They have worked. ئه‌وان کاریان کردووه.

شایانی باسه که has و have کورت ده‌کرێنه‌وه:

I have = I've.
You have = You've
She has = she's
He has = he's
It has = it's
We have = we've
They have = they've

Negative form فۆرمی نه‌ری

بۆ گۆڕینی رسته‌ی ئه‌ری بۆ نه‌ری له ده‌می ڕابردووی ته‌واودا نه‌وه‌نده به‌سه not بخه‌ینه دوای سه‌رفکراوی فرمانی to have و له دوای له‌ویش سه‌رفکراوی سێیه‌می فرمان (ناوی کارلێکراو) بنووسین:

بکەر + has, have + not + ناوی کارلێکراو + ... +

I have not worked. من کارم نه‌کردووه

I haven't worked.

You haven't worked. تۆ کارت نه‌کردووه.

He, She, It ─ hasn't worked. ئه‌و کاری نه‌کرد ه.

We haven't worked. ئێمه کارمان نه‌کردووه.

They haven't worked. ئەوان کاریان نەکردووە.

Interrogative form فۆرمی پرسیاری

بۆ ئەم مەبەستە وایاشە جێگۆڕکێیەك بە بکەرو فرمانی یاریدەدەری to have لەڕستەی ئەرێنیدا بکرێت کە بەمجۆرەی لێدێت:

to have یاوی کارلێکراو + بکەر + سەرفکراوی ...

Have I. Worked? ئایا من کارم کردووە؟

Have you worked? ئایا تۆ کارت کردووە؟

Has she worked? ئایا ئەو کاری کردووە؟

Has he worked? ئایا ئەو کاری کردووە؟

Have we worked? ئایا ئێمە کارمان کردووە؟

Have they worked? ئایا ئەوان کاریان کردووە؟

Negative interrogative form فۆرمی پرسیاری نەرێنی

بۆ دروست کردنی ئەم فۆرمە پێویستە not بخەینە دوای فرمانی یاریدەدەری to have لەڕستەی پرسیاریدا بەمجۆرەی خوارەوە:-

Have not I worked? ئایا من کارم نەکردووە

Haven't I worked?

Haven't you worked? ئایا تۆ کارت نەکردووە؟

Hasen't he worked? ئایا ئەو کاری نەکردووە؟

Haven't we worked? ئایا ئێمە کارمان نەکردووە؟

Haven't they worked? ئایا ئه‌وان کاریان نه‌کردووه؟

Haven't you worked? ئایا ئێوه کارتان نه‌کردووه؟

هێندێك ڕسته‌و نموونه:

I have gone to the cinema. من چوومه‌ته سینه‌ما.

You have eaten break fast. تۆ نانی به‌یانیت خواردووه.

He's taken the money. ئه‌و پاره‌که‌ی وه‌رگرتووه.

Has the postman some? ئایا پۆسته‌چی هاتووه؟

No, he hasn't. نه‌خێر نه‌هاتووه.

I have lost my ring, havn't you seen it? من ئه‌نگوستیله‌که‌م ون کردوه، ئایا تۆ نه‌ت دیوه؟

We have been there todays. ئێمه ئه‌مڕۆ له‌وێ بووین.

They have written a letter to me. ئه‌وان نامه‌یه‌کیان بۆ من نووسیووه

We have played. ئێمه یاریمان کردووه.

Reading خوێندنەوە

بەڵەوەی ئەمەی خوارەوە بخوێنەوە ئەم ووشانە لەبەر کە:

Dictionary	فەرهەنگ	Story	چیرۆك
Word	ووشە	Meaning	واتا
Language	زمان	To learn	فێربوون
Use	بەکارهێنان	Only	تەنیا
Pronunciation	تەلەفوز	Explain	شی کردنەوە

The dictionary

A dictionary is a book. It has no stories in it. It has words and their meanings. Some dictionaries are in one language. Some dictionaries are in two languages, like English and Kurdish. If you want to learn a language you must know how to use a dictionary.

In some dictionaries there are words and their meanings only, in others there is also the pronunciation of the words and some times pictures to explain thre meaning of the words.

فەرهەنگ

فەرهەنگ کتێبە. چیرۆکی تێدا نیە. وشەو واتاکەی تێدا هەیە. هێندێك فەرهەنگ بەیەك زمانن. هێندێك فەرهەنگ بە دوو زمانن وەك ئینگلیزی و کوردی ئەگەر بتەوێت زمانێك فێربیت. پێویستە بزانیت چۆن فەرهەنگ بەکار بێنیت.

هێندێك له‌رهه‌نگ ته‌نیا وشه‌و ماناكه‌یان تێدا هه‌یه، له‌والی تر هه‌روه‌ها ته‌له‌فوزی وشه‌كان و هه‌ندێك جاریش وێنه‌یان تێدایه بۆ شی‌كردنه‌وه‌ی واتای وشه‌كان.

رابردووی ته‌واوی به‌رده‌وام

The present perfect continuous tense.

ده‌می رابردووی ته‌واوی به‌رده‌وام بۆ به‌یانكردنی كارێك یان (دۆخی بكه‌ری) به‌كارده‌هێنرێت كه له رابردوودا ده‌ستی پێ كردووه‌و بۆ پسانه‌وه‌و به‌رده‌وام تا ئێستا درێژه‌ی هه‌یه. وەك: له‌و دوو سه‌عاته كه لێره دانیشتووه، دۆخی بكه‌ری بریتی‌یه له (دانیشتن) كه ماوه‌ی دوو سه‌عاته ده‌ستی پێ‌كردووه‌و تا ئێستاش به‌رده‌وامه.

چۆنیه‌تی دروست كردنی:

بۆ دروستكردنی فۆرمی له‌ری‌ی رابردووی ته‌واوی به‌رده‌وام ing به كۆتایی فرمانه‌وه زیاد ده‌كه‌ین، لێنجا سه‌رفكراوی سێیه‌می فرمان (به‌ناوی كارلێكراو)ی فرمانی to be كه ده‌بێته been وه‌رده‌گرین. هه‌روه‌ها سه‌رفكراوی یه‌كه‌می to have ده‌بێته have, has وه‌رده‌گرین و به‌یارمه‌تی بكه‌ر رسته‌كه دروست ده‌كه‌ین:

بكه‌ر + to have+ to be + فرمان + ing + ..

I have been working. من خه‌ریكی كار كردن بووم. (بوومه)

I've been working.

You'v been working. تۆ خه‌ریكی كاركردن بوویت. (بوویه)

She / He / It 's been working. — لەو خەریکی کارکردن بووە.

We've been working. — ئێمە خەریکی کارکردن بووین. (بووینە).

They've been working. — ئەوان خەریکی کارکردن بوون. (بوونە).

فۆرمی نەرێ *Negative form*:

بۆ دروست کردنی فۆرمی نەرێ لەوەندە بەسە not یان n't بخەینە دوای have یان has:

I haven't been working. — من خەریکی کارکردن نەبووم. (نەبوومە)

You haven't been working. — تۆ خەریکی کارکردن نەبوویت. (نەبوویە)

She / He / It hasn't been working. — (ئیتر خەریکی کارکردن نەبوون "نەبوونە") لەو خەریکی کارکردن نەبووە.

We haven't been working — ئێمە خەریکی کارکردن نەبووین. (نەبووینە)

They haven't been working. — ئەوان خەریکی کارکردن نەبوون. (نەبوونە)

فۆرمی پرسیاری دەمی ڕابردووی تەواوی بەردەوام:

شێوەی کردنە پرسیاری رستە لـەدەمی ڕابـردووی تـەواوی بـەردەوامدا هـەروەك ڕابردووی تەواوە واتە جێگۆڕکـێ بـە بکـەرو فرمـانی یـاریدەدەری to have دەکرێت.

لێرەدا تەنیا دوو نمونە ئیشان دەدەین:

Have I been working? ئایا من خەریکی کارکردن بووم (بوومە)؟

Has she been working? ئایا ئەو خەریکی کارکردن بووە؟

فۆرمی پرسیاری نەرێ Negative form:

ئەم فۆرمەش هەروەك فۆرمی پرسیاری نەرێی ڕابردووی تەواوە:

Haven't we been working? ئایا ئێمە خەریکی کارکردن نەبووین (نەبوینە)؟

Hasn't he been working? ئایا ئەو خەریکی کارکردن نەبووە؟

دوای ئەوەی تەواوی فۆرمەکانی ئەم دەمە فێربووین لەچەند نمونەیەکی تریش سەرنج دەدەین:

How long have you? been living here? ماوەی چەندە تۆ لێرە خەریکە دەژیێت؟ (ماوەی چەندە لێرە خەریکی ژیان بوویت؟

I've been living here for a long time. من ماوەیەکی زۆر (درێژ)ە لێرە خەریکە دەژیم

(من ماوەیەکی زۆر "درێژە" لێرە خەریکی ژیـــان بووم).

I haven't been seeing your brother for a long time, has he went a broad?

من لە مێژە براکەتم نەدیوە ئایا چووە بۆ دەرەوە؟

He has been waiting for me. For half an hour.

ئەو ماوەی نیو سەعاتە خەریکە چاوەڕوانی من دەکات. (خەریکی چاوەڕوانی کردنی من بووە).

We have been knocking for the last twenty minutes.

لە ماوەی ئەو بیست دەقەیەی ڕابردوودا ئێمە خەریك بووین لە دەرگامان دەدا. (خەریکی لە دەرگادان بووین).

***

فەرموون لەگەڵ چەند فرمانێکی بێ یاسا لە گرویی ۱ و ۲

Infinitive	واتای چاوگ	Past tense	Past participle
چاوگ	بە کوردی	ڕابردووی سادە	ناوی کارلێکراو
مصدر		ماضی	اسم مفعول
To shut	داخستن – پێوەدان	shut	shut
To slit	قەد کردن	slit	slit
To split	دوولەتکردن	split	split
To Spread	بڵاو کردن	spread	spread
To thrust	قوڕپان، چوونەوە ناوبەك	thrust	thrust
To wet*	تەرکردن	wet	wet
To over cast	تاریك کردن	over cast	over cast
To reset	سەرلەنوێ گەڵاڵە کردن	reset	reset
To upset	وەرگەڕاندن	upset	upset

To bend	خوارکردن	bent	bent
To bind	به‌ستن، تێکه‌وه پێچان	bound	bound
To bleed	خوێن هاتن	bled	bled
To breed	په‌روه‌راندن	bred	bred
To bring	هێنان	brought	brought
To build	بنیاتنان، دروستکردن	bulit	built
To burn	سووتان	burnt	burnt
To buy	کڕین	bought	bought
To catch	گرتن	cought	cought

The past perfect tense دەمی ڕابردووی دوور

هەر کاتێك دوو فرمانی ڕابردوو لە ڕستەیەکدا هاتن، کامە فرمان پێشتر ڕووی دا بێت دەیێتە بەیانکەری ڕابردووی دوور، ڕابردووی دوور بە تەنیا بەکار ناهێنرێت و هەمیشە لەگەڵ ڕابردووی سادەدایە.

چۆنیەتی دروستکردنی :

بۆ دروست کردنی ڕابردووی دوور دوای بکەر فرمانی to have وەردەگرین، هەروەك پێشتر گوتمان ناوی کارلێکراوی have دەبێتە had. ئیمە بۆ ئەم دەمە ناوی کارلێکراو بەکاردێنین، لێنجا ناوی کارلێکراوی فرمانی سەرەکی ڕستەش وەردەگرین:

... + ناوی کارلێکراوی فرمان + ناوی کارلێکراوی have+ بکەر

I had worked	من کارم کردبوو.
I'd worked	
You had worked.	تۆ کارت کردبوو. (ئێوە کارتان کردبوو)
You'd worked.	
She	
He had worked .	ئەو کاری کردووبوو.
It	
We had worked.	ئێمە کارمان کردبوو.
They had worked.	ئەوان کاریان کردبوو.

Negative form : *ڕستەی نەرێنی*

بۆ ڕستەی نەرێنی دەمی ڕابردووی دوور نەوەندە بەسە کە not یان n't بخەینە دوای had ەوەو پاشماوەی ڕستەکە بنووسینەوە:

I had not worked.	من کارم نەکردبوو.
I hadn't worked	
You hadn't worked.	تۆ کارت نەکردبوو.
He / She / It hadn't worked.	ئەو کاری نەکردبوو.

We hadn't worked. ئێمە کارمان نەکردبوو.

They hadn't worked. ئەوان کاریان نەکردبوو.

فۆرمی پرسیار *Interrogative form*:

بۆ ئەم مەبەستە جێ گۆڕکێ بە بکەرو had لە فۆرمی ئەرێدا بکەین بەمە:

Had I worked? ئایا من کارم کردبوو؟

Had you worked? ئاا تۆ کارت کردبوو؟

Had { he worked? / she worked? / it worked? } ئایا ئەو کاری کردبوو؟

Had we worked? ئایا ئێمە کارمان کردبوو؟

Had they worked? ئایا ئەوان کاریان کردبوو؟

فۆرمی پرسیاری نەرێ *Negative interrogative form*: -

بۆ دروست کردنی ئەم فۆرمە فۆرمی پرسیاری نەرێ Affirmative وەردەگرین و not یان n't دەخەینە دوای hadەوە، وەك:

Hadn't we worked?	نایا ئێمه کارمان نه‌کردبوو؟
Hadn't you worked?	نایا ئێوه کارتان نه‌کردبوو؟
Hadn't they worked?	نایا ئه‌وان کاریان نه‌کردبوو؟

له‌ کۆتایی دا بۆ زانیاری پتر چه‌ند ڕسته‌یه‌کی دی ده‌که‌ینه‌ نمونه:

He thanked me, for what I had done?
(ڕابردووی ساده‌ / ڕابردووی تەواو)

ئه‌و سوپاسی منی کرد بۆ ئه‌و کاره‌ی که من بۆ ئه‌وم کردبوو.

She had done nothing before she saw me.
(ڕابردووی تەواو / ڕابردووی ساده‌)

ئه‌و هیچ کارێکی نه‌کردبوو، به‌ر له‌وه‌ی من ببینێت. (منی دیت)

He asked why we had come so early.

ئه‌و پرسی له‌وه‌ی که بۆچی ئێمه وا زوو هاتبووین.

By the time we arrived they had gone.

ئه‌و کاته‌ی ئێمه گه‌یشتین ئه‌وان ڕۆیشتبوون.

It was clear that he had given us the wrong address.

شتێکی ئاشکرا بوو که ئه‌و ناوونیشانی هه‌ڵه‌ی دابوو به ئێمه.

له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی ڕابردووی دوور له‌گه‌ڵ ڕابردووی ساده‌ به‌کارده‌هێنرێت پێویسته‌ لەم ووشانه‌ که‌ڵک وه‌ربگرین:

(by the time- when – just – as soon as – before-)

When I come in, He had just finished his hom work.

کاتێك که‌ چوومه‌ ژووره‌وه‌ ئه‌و تازه‌ (واجبه‌که‌ی) ته‌واو کردبوو.

دوای ئه‌وه‌ی به‌ باشی له‌ چۆنیه‌تی دروست کردنی ده‌می ڕابردووی دوور گه‌یشتین ئه‌م فرمانه‌ بێ یاسایانه‌ی خواره‌وه‌ له‌ ڕسته‌دا به‌کار بهێنه:

build , burst, hit , bend , catch, upset

***

ڕابردووی دووری به‌رده‌وام

The past perfect continuous tense

ئه‌م ده‌مه‌ بۆ به‌یانکردنی کارێك که‌ له‌ پێش کارێکی دیکه‌وه‌ کرابێت له‌ ڕابردوودا تا ئێستاش به‌رده‌وام بێت به‌کار ده‌هێنرێت.

چۆنیه‌تی دروست کردنی:

بۆ دروست کردنی ڕابردووی دووری به‌رده‌وام پێویسته‌ سه‌ره‌تا بکه‌ر، دوای ئه‌و ناوی کارلێکراوی to have واته‌ had ، ئینجا ناوی کارلێکراوی to be واته‌ been، پاشان فرمانی سه‌ره‌کی ڕسته‌ له‌گه‌ڵ ing بنووسرێت، به‌مجۆره‌ ڕسته‌یه‌کمان ده‌ست ده‌که‌وێت که‌ باسی ده‌می ڕابردووی دوور ده‌کات.

بکه‌ر + had + been + فرمان + ing + ...

I had been working.		من خه‌ریکی کارکردن ده‌بووم.
You had been working.		تۆ خه‌ریکی کارکردن ده‌بوویت.
He She It	had been working.	ئه‌و خه‌ریکی کارکردن ده‌بوو.
We had been working.		ئێمه‌ خه‌ریکی کارکردن ده‌بووین.
They had been working.		ئه‌وان خه‌ریکی کارکردن ده‌بوون.

فۆرمی نەرێ Negative form

فۆرمی پرسیار Interrogative form

فۆرمی پرسیاری نەرێ Negative interrogative form

لەم فۆرمانە هەرسێکیان هەروەك فۆرمەکانی ڕابردووی دوورن کە خوێندمان.

کێبینی:

هەروەکو چۆن ڕابردووی تەواوی بەردەوام زۆرجاران لە باتی ڕابردووی تەواو بەکار دەهێنرێت لەباش ڕابردووی دووری بەردەوام جێگای ڕابردووی دوور دەگرێتەوە و لەباتی ئەو بەکاردەهێنرێت.

بۆ زانیاری پتر چەند ڕستەیەك دەنووسین:

I knew that he had been living in Baghdad for more than twenty years.

من زانیم (خەبەرم هەبوو) کە ئەو ماوەی پتر لە بیست ساڵ بوو لە بەغدا خەریکی ژیان دەبوو (دەژیا).

I'm tired, because I had been running.

من ماندووم، لە بەر ئەوەی خەریکی ڕاکردن دەبوم (بووم).

I was tired, because I had been running.

من ماندوو بووم، لە بەر ئەوەی خەریکی ڕاکردن دەبووم (بوو).

***

ژمارەیەکی تر لە فرمانەکانی گروپی ٢ی بێ یاسایەکان

infinitive واتای چاوگ بە past tense past participle

چاوگ	کوردی	ڕابردووی سادە	ناوی کارلێکراو
مصدر		ماضي	اسم مفعول
To creep	خزین، خلیسکان	crept	crept
To dig	هەڵکەندن	dug	dug
To dream	خەو بینین	dreamt,ed	dreamt, ed
To feed	خۆراك پێ دان	fed	fed
To feel	هەست کردن	felt	felt
To fight	شەڕکردن	fought	fought
To fling	هاویشتن	flung	flung
To get	بە دەست هێنان	got	got
To grind	لە ئاش هارین	groung	groung
To hang	هەڵواسین	hung, hanged	hung, hanged
To have	هەبوون	had	had
To heard	بیستن	heard	heard
To hold	ئاگاداری لێ کردن	held	held
To keep	ئاگاداری لێ کردن	kept	kept
To lay	دانان	laid	laid
To lead	ڕێنوێنی کردن	led	led
To lean	پاڵ دانەوە	leant,ed	leant,ed
To learn	فێربوون	learnt, ed	learnt, ed
To leave	جێهێشتن	left	left

To light ڕووناك كردن lighted, lit lighted,lit

ده‌می داهاتوو The future tense

ده‌می داهاتوو له زمانی ئینگلیزیدا زۆری له‌سه‌ر نووسراوه‌و گوتراوه. هه‌روه‌ها نالّو گۆڕكێ زۆریشی به‌سه‌ر دا هاتوو، به‌ڵام ئێمه لێره له‌م چه‌ند دێڕانه‌دا كات و ساوه‌ی ئه‌وه‌مان لێیه به دربڕی باسی ئه‌و هه‌موو بكه‌ین، له‌گه‌ڵیش باسی بكه‌ین ڕه‌نگه له‌باتی سودو قازانج زیانی به‌دواوه بێت به‌تایبه‌تی بۆ ئه‌وكه‌سانه‌ی كه هێندێك سه‌رو كاریانُ له‌گه‌ڵ له‌م زمانه هه‌یه له‌واله‌یه بێته هۆی سه‌ر لێ شێوان. سه‌ره‌تا باسی داهاتووی ڕووت و ده‌می داهاتووی به‌رده‌وام ده‌كه‌ین.

داهاتووی ڕووت (مطلق)

ده‌می داهاتووی ڕووت بۆ كارێك به‌كارده‌هێنرێت كه هێشتا ڕووی نه‌داوه و له داهاتووی (دوور یا نزیك) له‌ئه‌نجام ده‌درێت، له‌م كاته‌دا كه له ڕسته‌كه‌دا باس له كاره‌كه ده‌كه‌یت به وردی دیار و مسۆگه‌ر نیه و هیچ گومانێكی نیه بۆ جێبه‌جێ كردن یان نه‌كردنی ئه‌م كاره.

چۆنیه‌تی دروست كردنی:

بۆ دروست كردنی ده‌می داهاتووی ڕووت فرمانی یاریده‌ده‌ری shall (بۆكه‌سی یه‌كه‌می تاك و كۆ) و will (بۆ كه‌سی دووه‌م و سێیه‌می تاك و كۆ) به كار دێنین.

دوای له‌ویش فرمانی بێ to وه‌رده‌گرین:

I shall work.	من كارده‌كه‌م (له داهاتوودا).
You will work.	تۆ كارده‌كه‌یت (له داهاتوودا).

She / He / It	will work.	ئه‌وکارده‌کات (له داهاتوودا)
We shall work.		ئێمه کارده‌که‌ین (له داهاتوودا).
You will work.		ئێوه کارده‌که‌ن (له داهاتوودا).
They will work.		ئه‌وان کار ده‌که‌ن (له داهاتووادا).

سه‌رنج : جێگای سه‌رنجه که له زمانی کوردیدا ده‌سته‌واژه‌ی (من کارده‌که‌م)هه‌م بۆ ده‌می ڕانه‌بردوو هه‌م بۆ ده‌می داهاتو به کارده‌هێنرێت و هیچ جیاوازییه‌کیان نییه، هه‌ر بۆیه کاتێك ده‌می داهاتوو ده‌خوێنین نابێت له‌گه‌ڵ ده‌می ڕانه‌بردوو لێیان تێکه‌ڵ بێت.

ئێستی : هه‌رکاتێك ڕسته‌ی ده‌می داهاتوو به دوو به‌ش بنوسرێت و به یه‌کێك له‌م ووسانه به‌یه‌که‌وه به‌سرێته‌وه(unless, unitl, when, till,if)فرمانی له‌و ڕسته‌یه‌ی که ده‌که‌وێته دوای یه‌کێك له‌م ووشانه ناکه‌وێته دۆخی ده‌می داهاتو به‌ڵکو ده‌بێ وه‌ك ده‌می ڕانه‌بردووی سه‌رف بکه‌ین.

فۆرمی نه‌ری Negative form:-

بۆ دروست کرنی ئه‌م فۆرمه پێویسته not بخرێته دوای فرمانی یاریده‌ده‌ری shall و will ئینجا فرمانی سه‌ره‌کی ده‌نوسرێت، له به‌ر له‌وه‌ی shall not و will notله نووسین و ئاخافتندا دڕێژن به‌که‌میان دێته shan't دووه‌میش won't:

shall, will + not + فرمانی سەرەکی + ... + بکەر

I shall not work.	من کارناکەم (لە داهاتوودا).
I shan't work.	
You won't work.	تۆ کارناکەیت.
He / She / It won't work.	ئەو کار ناکات
We shan't work.	ئێمە کارناکەین.
They won't work.	ئەوان کارناکەن.

Interrogative form :- فۆرمی پرسیار

بۆ دروست کردنی فۆرمی پرسیاری پێویستە جێگۆرکێ بە بکەر و فرمانی یاریدەدەر بکرێت:

Shall I work?	ئایا من کاردەکەم؟ (لە داهاتوودا)
Will you work?	ئایا تۆ کاردەکەیت؟
Will he work?	ئایا ئەو کاردەکات؟
Will she work?	
Shall we work?	ئایا ئێمە کاردەکەین؟
Will they work?	ئایا ئەوان کاردەکەن؟

فۆرمی پرسیاری نەرێ *Negative Interrogative form*

ئەم فۆرمە بە دانانی not لە دوای shall و will دروست دەکرێت، هەروەك لە سەرەوە گوتمان shall not دەبێتە shan't و will not دەبێتە won't:

Shan't work?	ئایا من کارناکەم؟ (لە داهاتوودا)
Won't you work?	ئایا تۆ کارناکەیت؟
Won't she work?	ئایا ئەو کارناکات؟
Shan't we work?	ئایا ئێمە کارناکەین؟
Won't they work?	ئایا ئەوان کارناکەن؟

سەرنج: یەکێك لەو ئالۆگۆڕانەی کە لێستا بە سەر زمانی ئینگلیزیدا هاتووە ئەمەیە کە shall بەکارناهێنرێت، لە باتی will, shall بە کاردەهێنرێت چونکە will کورت دەکرێتەوەو تەنیا 'll دەنووسرێت و تەلەفۆز دەکرێت، نموونە:

I shall go to Erbil. ------ I'll go to Erbil.
We shall go to Erbil. ----- we'll go to Erbil.

دەبێ لە بیرمان نەچێت کە 'll کورتکراوەی will ە، نەك shall لە ئینگلیزیی نوێدا کە لە ئەمریکا بەکاردەهێنرێت shall بە تەواوی لەڕی دراوە

چەند نموونەیەك لە دەمی داهاتووی ڕووت:

When he comes I'll tell him. کاتێك کە دێت پێی دەڵێم.

As soon as the plane lands, every one will get out.

هەر کە فڕۆکەکە دەنیشێتەوە، هەر کەس (هەموو، کەس) دێتە دەرەوە.

He'll be there to night. ئه‌و ئه‌مشه‌و ئه‌وێ ده‌بێت

I'll climb that mountain next week.

هه‌فته‌ی داهاتوو ده‌چمه سه‌ر ئه‌و چیایه.

They will know tomorrow. ئه‌وان سبه‌ینێ ده‌زانن

The minister will open the new school this afternoon.

وه‌زیر ئه‌م پاش نیوه‌ڕۆیه قوتابخانه‌که ده‌کاته‌وه.

We shan't go there if it rains ئێمه ناچینه ئه‌وێ ئه‌گه‌ر باران ببارێت

You won't write a letter ئێ نامه ناووسیت مه‌گه‌ر پێنووست هه‌بێت

Unless you have a pen. ئێ ئه‌گه‌ر پێنووست نه‌بێت نامه ناووسیت).

They won't go away until he comes

ئه‌وان ناچنه ده‌ره‌وه هه‌تا ئه‌و نه‌یه‌ت.

***

The future continuous tense داهاتووی به‌رده‌وام

داهاتووی به‌رده‌وام بۆ کارێك سوودی لێ وه‌رده‌گرێت که له داهاتوودا خه‌ریکی جێبه‌جێ بوون بێت.

چۆنیه‌تی دروست کردنی :

بۆ دروست کردنی ده‌می داهاتووی به‌رده‌وام یه‌که‌مجار بکه‌ر و دوای ئه‌و فرمانی یاریده‌ده‌ری shall یان will وه‌رده‌گرین ، ئینجا چاوگی فرمانی to be به بێ to وه‌رده‌گرین. پاشان فرمانی سه‌ره‌کی وه‌رده‌گرین و ing پێوه زیاد ده‌که‌ین:

بکه‌ر + shall , will + be + فرمانی سه‌ره‌کی + ing + ...

I shall be working. من ئیازم وایه کار بکه‌م (له داهاتوودا) .

I will be working.	(لە داهاتوو دا خەریکی کار کردن دەبم)
I'll be working	
You will be working	تۆ نیازت وایە کار بکەیت
	لە داهاتوودا خەریکی کار کردن دەبیت
He will be working.	ئەو نیازی وایە کار بکات
She will be working .	
It will be working.	
We will be working	ئێمە نیازمان وایە کار بکەین
They will be working.	ئەوان نیازیان وایە کاربکەن

فۆرمی نەرێ *Negative form*

فۆرمی نەرێی دەمی داهاتووی بەردەوام بە زیاد کردنی not لــە دوای will دروست دەکرێت:

I will not be working.	من نیازم وانیە کاربکەم
	(لە داهاتو دا خەریکی کار کردن نابم)
You will not be working.	تۆ نیازت وانیە کار بکەیت.
He will not be working.	ئەو نیازی وانیە کاربکات.
We will not be working.	ئێمە نیازمان وانیی کار بکەین.
They will not be working.	ئەوان نیازیان وانیە کار بکەن.

فۆرمی پرسیار *Interrogative form*

بۆ دروست کردنی ئەم فۆرمە جێ گۆڕکێ بە will و بکەر دەکرێت:

Will I be working?	ئایا من نیازم وایە کار بکەم ؟
	(ئایا لە داهاتوودا خەریکی کار کردن دەبم)
Will you be working?	ئایا تۆ نیازت وایە کار بکەیت؟
Will she be working?	ئایا ئەو نیازی وایە کار بکات؟
Will we be working?	ئایا ئێمە نیازمان وایە کار بکەین؟
Will they be working?	ئایا ئەوان نیازیان وایە کار بکەن؟

فۆرمی پرسیاری نەرێ *Negative interrogative form*

بۆ دروست کردنی فۆرمی پرسیاری نەرێ پێویستە not بخەینە دوای will و ئینجا پاشماوەی ڕستەکە بنووسین:

Will not I be working?	ئایا من نیازام وانییە کاربکەم؟
Won't I be working?	(ئایا خەریکی کارکردن نام؟ لە داهاتوودا)
Won't you be working?	ئایا تۆ نیازت وانییە کار بکەیت؟
Won't he be working?	ئایا ئەو نیازی وانییە کار بکات؟
Won't we be working?	ئایا ئێمە نیازمان وانییە کار بکەین؟
Won't they be working?	ئایا ئەوان نیازیان وانییە کار بکەن؟

سه‌رنج : داهاتووی به‌رده‌وام له هه‌موو فۆرمه‌کانی دا ده‌کرێ له باتی داهاتووی به goin to به‌کار بهێنرێت ته‌نیا له فۆرمی پرسیاردا نه‌یێت. هه‌روه‌ها ده‌کرێ به پێچه‌وانه‌وه‌ش (داهاتووی به goin to) له باتی داهاتووی به‌رده‌وام به‌کار بهێنرێت.

بۆ باشتر تێ گه‌یشتن له ده‌می داهاتووی به‌رده‌وام وا باشه به ووردی سرنج بده‌یته ئه‌م ڕسته‌یه نموونه‌ییانه‌ی خواره‌وه:

He will be writting a letter to his friend.

ئه‌و نیازی وای ، نامه‌یه‌ك بنووسێت بۆ هاوڕێیه‌که‌ی.

Will you be writting a letter tomorrow?

ئایا نیازت وایه نامه‌یه‌ك بنووسیت سبه‌ینێ؟

They won't be coming to the party toorrow.

له‌وان سبه‌ینێ نیازیان نی‌یه بێن بۆ ئاهه‌نگه‌که.

She will be meeting him next year.

ئه‌و نیازی وایه ساڵی داهاتوو ئه‌و (کوڕ) ببینێ.

Will you be bringing the piano in here?

ئایا تۆ نیازت هه‌یه پیانۆیه‌که بهێنیت بۆ ئێره؟

بۆ ئاگاداری خوێنه‌ر :

will you وه‌ك ووشه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ به‌کارده‌هێنرێت بۆ داواکردنی شتێك له که‌سی به‌رامبه‌ر. له‌م دۆخه‌دا واتای please ده‌دات و مووله‌ده‌بانه تریشه له please :

Will you smok a cigarette? ده‌له‌رمووی جگه‌ره‌یه‌ك بکێشیت؟

When I reach London, it will probably be raining.

ئه‌و کاته که ده‌گه‌مه له‌ندەن، ڕەنگه باران ببارێت.

This time next year I shall be driving through italy.

ساڵی داهاتوو ئەم کاتە، لە ئیتالیا خەریکی (ئوتومبێل)لێخورین دەبم.

I'll be wating for you at the usual time.

من لە کاتی دیاریکراودا چاوەڕێی تۆ دەبم.

When I get back. They will be having supper.

ئەو کاتەی کە دەگەڕێمەوە، ئەوان خەریکی خواردنی شیو دەبن.

This time next week, you'll be swimming in the sea.

هەفتەی داهاتوو ئەم کاتە ، تۆ خەریکی مەلە کردن دەبیت لە دەریادا.

When you come back, the chidren will be watching T.V.

ئەو کاتە کە تۆ دەگەڕێیتەوە منداڵەکان خەریکی سەیر کردنی تەلەفزیۆن دەبن.

چەند فرمانێکی بێ یاسا لە گرووپی ٢:

Infinitive	واتای چاوگ	Past tense	Past Participle
چاوگ	کوردی	ڕابردووی سادە	ناوی کارلێکراو
To lose	ون کردن	lost	lost
To mean	واتاکردن	meant	meant
To meet	چاوپێکەوتن	met	met
To pay	پارەدان	Paid	Paid
To saw*	بڕینەوە بە مشار	sawed	sawed
To say	گوتن	said	said
To sell	فرۆشتن	sold	sold
To send	ناردن	sent	sent

*To sew	دروون / دروومانکردن	sewed	sewed
To shine	درەوشانەوە	shone	shone
To shoot	تەقەکردن	shot	shot
*To show	دیتن / سەیر کردن	showed	showed
To sit	دانیشتن	sat	sat
To sleep	نوستن	slept	slept
To slide	هەڵخلیسکان	slid	slid
To sling	هەڵواسین	slung	slung
To smell	بۆنکردن	smelt, smelled	smelt, smelled
To sow*	چاندن	sowed	sowed
To spell	هجی کردن	splet, spelled	spelt, spelled
To spend	خەرج کردن	spent	spent

دەمی داهاتووی تەواو *The Future perfect tense*

دەمی داهاتووی تەواو بە یانگەری کارێکە کە لە کاتێکی دیاریکراودا لە داهاتوودا، تەواو بکرێت، ئەگەر بمانەوێت بەڵێن بدەین کە کارێك لە داهاتوویەکی دیاریکراودا تەواو بکەین پێویستە دەمی داهاتووی تەواو بەکاربێنین:

چۆنیەتی دروست کردنی:

بۆ دروست کردنی ، دەمە فرمانە یاریدەدەرەکانی shall , will , have لەگەڵ ناوی کارلێکراوی فرمانی سەرەکی بەکاردێنین:

بکەر + will + have + ناوی کارلێکراوی فرمان + ...

I will have worked.
Youwill have worked.
He / She / It will have worked
We will have worked.
They will have worked.
He will have taken his examination by next Friday.
تا هەینی داهاتوو ئەو تاقیکردنەوەی خۆی کردووە.
In 1999 he will have been dead for ten years.
تا ساڵی ١٩٩٩ ئەو دەبێتە دە ساڵ کە مردووە.
By next June she will have written her second novel.
تا مانگی حوزەیرانی داهاتوو، دووەم ڕۆمانی خۆی نووسیوە.
We shall have finished this by dinner time.
تا کاتی شیو خواردن ئەمەمان تەواو کردووە.

•••

ڕسته مه‌رجیه‌کانی *Conditional sentences*

هه‌ر ڕسته‌یه‌ك مه‌رجی له دوو ڕسته پێك دێت، ئه‌و ڕسته‌یه که به if دەست پێ دەکات پێی دەڵێن if clause و به ڕسته‌ی دووەم دەڵێن main clause :

If it rains, I shall stay at home.

ئه‌گه‌ر باران ببارێت من له ماڵه‌وه دەمێنمه‌وه.

ڕسته مه‌رجیه‌کان سێ جۆرن:

A- مه‌رجی ئه‌گه‌ر (احتمالی) Probable condition

ئه‌گه‌ر فرمانی ڕسته‌ی if clause دەمی ڕانه‌بردوو بێت، له‌وا فرمانی ڕسته‌ی main clause داهاتووی ساده دەبێت:

If he goes to London, he will meet his sister.

ئه‌گه‌ر ئه‌و بچێته له‌نده‌ن چاوی به‌خۆشکه‌که‌ی دەکه‌وێت.

If you come in to my garden. my dog will bite you.

ئه‌گه‌ر بێیت بۆ ناو باخچه‌که‌ی من سه‌گه‌که‌م دەتگرێت.

If you eat all that, you will be ill.

ئه‌گه‌ر هه‌موی بخۆیت نه‌خۆش دەبیت.

Some one will steal your car, if you leave it unlocked.

که‌سێك ئوتومبێله‌که‌ت دەدزێت ئه‌گه‌ر به قفڵ‌نه‌دراوی به‌جێی بهێڵیت.

What will happened if his parachut doesn't open?

چ ڕوو دەدات، ئه‌گه‌ر پەڕه شوروته‌که‌ی ئه‌و نه‌کرێته‌وه؟

B- مه‌رجی نا ئه‌گه‌ری (غیر احتمال) *Improbable condition*

ئه‌گه‌ر فرمانی ڕسته‌ی if flause ڕابـردووی سـاده بێـت لـه‌وا فرمـانی ڕسـته‌ی main clause به شێوه‌ی (ده‌می ڕانه‌بردوو مه‌رجی)به‌یان ده‌کرێت:

If I saw him, Ishould speak to him.

ئه‌گه‌ر ده‌مدیت قسـه‌م له گه‌ڵی دا ده‌کرد.

If we worked more slowly, we shouldn't make so many mistakes.

ئه‌گه‌ر هێواش تر کارمان ده‌کرد، ئه‌و هه‌موو هه‌ڵه‌یه‌مان نه‌ده‌کرد.

If they had more rain, their corps would grow better.

ئه‌گه‌ر بارانی پڕیان ده‌بوو، ئه‌شیان باشتر گه‌شه‌ی ده‌کرد.

I wouldn't go there, if I were you.

ئه‌گه‌ر ئه‌جێی تۆ ده‌بووم، نه‌ده‌چوومه ئه‌وێ.

If I were you I would cut down all those trees.

ئه‌گه‌ر ئه‌جێی تۆ ده‌بووم، هه‌موو ئه‌و دره‌ختانه‌م ده‌بڕین.

C- مه‌رجی مه‌حاڵ *Impossible condition*

ئه‌م جۆره‌دا فرمانی ڕسته‌ی if clause ڕابردووی دووره و فرمانی ڕسـته‌ی main clause ده‌بێ به شێوه‌ی (ده‌می مه‌رجی ته‌واو) به‌یان بکرێت:

If I had known of your arrived, I should have met you.

ئه‌گه‌ر ئاگاداری گه‌یشتنی تۆ بوایه‌م، چاوم پێت که‌وتبوو (چاوم پێت ده‌که‌رت)

If he had fallen in to the river, he would have drowed.

ئه‌گه‌ر که‌وتبایه‌ته نێوی ڕووباره‌که‌وه خنکابوو.

If you had shut the door, the hens wouldn't have got into the house.

ئه‌گەر دەرگاکانت داخستبایە، مریشکەکان نەدەچوونە ژوورێ.

If we had tried again, I think we should have succeded.

ئه‌گەر دووبارە هەوڵمان دابایە، پێم وایە سەردەکەوتین.

***

The present conditional tense دەمی ڕانەبردووی مەرجی

دەمی ڕانەبردووی مەرجی بە کەڵك وەرگرتن لە shouldبۆ یەکەم کەسی تاك و کۆ و would بۆ کەسەکانی تر و هەروەها فرمانی بێ to دروست دەبێت:

I should work.		We should work.
I'd work.		
He		You would work.
She	would work	You'd work.
It		They'd work.

فۆرمی نەرێ :

بە زیاد کردنی not لە دوای shouldیان would ڕستەکە دەکرێتە نەرێ:

I should not work.

I shouldn't work.

You wouldn't work.

She wouldn't work.

فۆرمی پرسیاری :

بۆ فۆرمی پرسیاریش هەر ئەوەندە بەسە جێ گۆڕکێیەك بە بکەر و should یان would بکرێت:

should I work?

Would you work?

Would she work?

فۆرمی پرسیاری نەرێ :

shouldn't I work ?
wouldn't you work ?
wouldn't they work ?

تێبینی: لەم دەمە ناسراوە بە (دەمی داهاتوو لە ڕابردوودا).
ڕستەیەکی داهاتوو وەردەگرین. هەرکاتێك فرمانی سەرەکی لەو ڕستەیە (ڕابردوو) بوو نەوا Shall یان willکە تێیدا بەکارهێنراو دەبن بە should یان would:

I hope that I shall succeed. (دەمی داهاتوو) هیوا دارم کە سەرکەوم.
ڕانەبردوو داهاتووی سادە

I hoped that I should succeed. هیوادار بووم کە سەرکەوم.
ڕابردوو ڕانەبردووی مەرجی

سەرنج : should لە هێندێك شوێن واتای (پێویست) دەدات، هەر کاتێك بەم واتایە بەکاربهێنرێت لە باتی would بۆ هەموو کەسەکان بەکاردەهێنرێت واتە جێگای would یش دەگرێتەوە:

Azad is sick, he should go to the bed.

لازاد نەخۆشە، ئەو پێویستە بچێتە سەر جێگای خەوتن.

She is very sad, she should be happy.

ئەو زۆر خەمبارە ، پێویستە ئەو خۆشحاڵ بێت.

We didn't do the exercises. ئێمە ڕاهێنانەکانمان ئەنجام نەداوە.
You should do them soon. پێویستە خێرا ئەنجامیان بدەن.

The perfect conditional tense دەمی مەرجی تەواو

بۆ دروست کردنی ئەم دەمە لە دوای should یان would و have بەکار دەهێنرێت و دوای لەویش ناوی کارلێکراوی فرمان:

بکەر + should , would + have + ناوی کارلێکراوی فرمان + ...

I should have worked.
You would have worked.
He
She would have worked
It
We should have worked.
They would have worked.

فۆرمی نەرێ و پرسیار و پرسیاری نەرێی ئەم دەمە هەروەك دەمی ڕانەبردووی مەرجیيە.

I hope that he will have finished befor we get back.

من هیوادارم کە پێش ئەوەی ئێمە گەڕابینەوە ئەو تەواوی کردبێت. (داهاتووی تەواو)

I hoped that he would have finished befor we got back.

من هیوادار بووم کە پێش ئەوەی ئێمە بگەڕابانەوە ئەو تەواوی بکردایە.

(مەرجی تەواو)

***

The Idiomes ئایدیۆم

خوێنەری بەڕێز، ئێمە تا ئێرە زۆر بەخێرایی بەسەر دەمەکاندا تێپەڕین و لەوەندەی‌کە زۆر زۆر پێویست و سەرەکی‌یە خوێندمان، بابەتێکی دیکەکە لەزمانی ئینگلیزدا، زۆرگرنگ و پڕ زەحمەتەو پێویستە مەسەلەی ئایدیۆمە، ئایدیۆم بریتی‌یە لەم ووشە کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەیان بۆ دروست دەبێت. ئایدیۆم واتا زاراوە (اصطلاح) بۆ تێگەیشتنی وشەی look out دەکەیتە نموونە: look فرمانێکی یاسایی‌یە واتای دیتن. سەیرکردن دەدات. out واتا دەرەوە. بەڵام هەردووکیان پێکەوە واتایەکی تر دەدەن و دەبنە وشەیەکی نوێ کە پێی دەڵێین ئایدیۆم زاراوە، اصطلاح. علم المصطلح

چەند ئایدیۆم (زاراوە)یەك.

کوردی	ئینگلیزی
پەیوەندی هەبوون لەگەڵ	Belcng td
ڕیشەکێش کردن	Blow down
پاس کردنی سەگ لە	Back at
پشت بەستن بە	Depcndent of
دەست هەبوون لە	involved with
پڕ لە	Fail of
داڕووخان	Fail in
ئاگادار بوون لە	Alive to

Decide on	بڕیاردان لەسەر
Drive out	دەرپەڕاندن
Exchange with	گۆڕینەوە لەگەڵ
Take back	لە قسەی خۆ پەشیمان بوونەوە
Pick up	سوارکردن
Make up	قەرەبوو کردنەوە
Run away	هەڵاتن لە (شوێنێك)
Loo out	لە خۆ ووریا بوون
Cry down	ڕەزیل کردن، بێنرخ کردن
Cry for	گریان بۆ
Cut down	لەناوبردن
Cut out	بەجێهێشتن، بەتاڵ کردن
Clear out	داخستن، قەپات کردن
Close down	دریژەپێدان
Carry on	بە ناکام گەیاندنی کارێك
Carry out	تێکشکان، تەعتیل بوون
Barrk up	دەنگ گۆڕین لەگ
Bring down	هێنانە خوار
Bring out	ناشکراکردن
Beat back	
Break down	
Get up	
Look for	

Break down	خراپ بوون (ئوتومبیل)
Get up	لەخەو هەستان
Look for	گەڕان بەدوای

•••

فرمانی ناسراو و نەناسراو

Active and passive voice. (فعل معلوم و فعل مجهول)

فرمانی نەناسراو *Passive voice*

فرمانە ئاسایی‌یەکان ordinary verbs دەبنە دوو جۆر:

١- فرمانی تێنەپەڕ Intransitive verbs (فعل لازم)

٢- فرمانی تێپەڕ Transitive verbs (فعل متعدي)

فرمانی تێنەپەڕ بەو فرمانە دەڵێین کە بەبێ لەوەی باسێك لە کارلێکراو بکرێت واتای تەواو دەگەیەنێت:

We all breath, drink and eat.

ئێمە هەمومان هەناسە دەدەین، دەخۆینەوە و دەخۆین.

The moon rose. مانگ هەڵات.

فرمانی تێپەڕ بەو فرمانە دەڵێین کە بەبێ باسکردنی کارلێکراو ڕستەکەی واتای تەواو ناگەیەنێت و پێویستی بە کارلێکراو (مفعول) هەیە. بۆ نموونە کاتێك

دەڵێین: ئەو نووسی وانەی ڕستەکە تەواو نییە بەڵام کە ڕوشەی the letter مان پێوە زیادکرد وانەی ڕستەکە تەواو دەبێت.

فرمانی تێپەڕبێش دوو جۆرن: فرمانی ناسراو Active voice (فعل معلوم)و فرمانی نەناسراو Passive voice (فعل مجهول) فرمانی ناسراو بەو فرمانە دەڵێین کە بەسەرابێتەوە بە یەکەمەوە:

He gave me the book.	ئەو کتێبەکەی دا بەمن
I don't drink much tea.	چای زۆر ناخۆمەوە
He speaks three languages	ئەو بەسێ زمان قسە دەکات

فرمانی نەناسراو بەو فرمانە دەڵێین کە بەسەرابێتەوە بە کارلێکراوەوە.

I was given the book.	کتێبەکە درا بەمن
She will be taken to hospital tomorrow.	ئەو سبەینێ دەبردرێتە نەخۆشخانە.

گۆڕینی فرمانی ناسراو بۆ نەناسراو:

١. کارلێکراوی ڕستەی ناسراو دەخەینە سەرەتای ڕستەی نەناسراو.

٢. بەکێك لە سەرفکراوەکانی فرمانی to be کە لەگەڵ دەمی ڕستەی ناسراو ڕێك بکەوێت دەخەینە دوای کارلێکراو.

٣. ئاوی کارلێکراوی فرمانی ڕستەی ناسراو دەخەینە دوای فرمانی to be.

٤. یەکەمی ڕستەی ناسراو دەخەینە کۆتایی ڕستەی نەناسراو و وشەی by دەخەینە پێشیەوە.

تێبینی: ئەگەر بکەری ڕستەی ناسراو (ناو) بێت هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت بەڵام ئەگەر ڕاناوی بکەری (Nominative Pronoun) بێت لەکاتی گۆڕینی ڕستەی ناسراو بۆ نەناسراودا دەبێتە ڕاناوی کارلێکراو (مفعول). چەند نموونەیەك:

Dara writes the letters.	دارا نامەکان دەنووسێت(ڕانەبردووی ناسراو)
The letters are written by Dara.	نامەکان لەلایەن داراوە دەنووسرێن. (ڕانەبردووی نەناسراو)
Dara wrot the letters.	دارا نامەکانی نووسین.(ڕابردووی ناسراو)
The letters were written by Dara.	نامەکان لەلایەن داراوە نووسران. (ڕابردووی نەناسراو)
Dara will write the letters.	دارا نامەکان دەنووسێت. (داهاتووی ناسراو)
The letters will be written by Dara.	نامەکان لەلایەن داراوە دەنووسرێن. (داهاتووی نەناسراو)
Dara has written the letters.	دارا نامەکانی نووسیوە. (ڕانەبردووی تەواوی ناسراو)
The letters have been written by Dara.	نامەکان لەلایەن داراوە نووسراون. (ڕانەبردووی تەاوی نەناسراو)
Dara is writting the letters.	دارا خەریکە نامەکان دەنووسێت. (ڕانەبردووی بەردەوامی ناسراو)
The letters are being written by Dara.	نامەکان خەریکە لەلایەن داراوە دەنووسرێن. (ڕانەبردووی بەردەوامی نەناسراو)

Dara was writing the letters.

دارا خەریك بوو نامەكانی دەنووسین.

(رابردووی بەردەوامی ئاسان)

The letters were being written by Dara.

نامەكان خەریك بوو لەلایەن داراوە دەنووسران.

(رابردووی بەردەوامی نەئاسان)

Dara had written the letters.

دارا نامەكانی نووسیبوون.

(رابردووی دووری ئاسان)

The letters had been written by Dara.

نامەكان لەلایەن داراوە نووسرابوون.

(رابردووی دووری نەئاسان)

Reported speech قسەگێڕانەوە

قسە گێڕانەوە دوو شێوەی هەیە ڕاستەوخۆ Direct و ناڕاستەوخۆ Indirect لە قسە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا هەر هەمان قسەكانی قسەكەر بەبێ كەم و كورتی بۆ گوێگر دەگێڕێنەوە:

He said "I have lost my umbrella".

ئەو گوتی، چەترەكەم ون كردووە.

ئەم قسە گێڕانەوەیە پڕ لە كێشە و شانۆر ڕاپۆرتەكاندا سوودی لێ وەردەگیرێت لە قسە گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆدا هەمان قسەكانی قسەكەر ناگێڕدرێتەوە بەڵكو ناوەڕۆكی قسەكانی لە قاڵبی ڕستەیەكی دیكەدا دەگێڕدرێتەوە.

He said "that he had lost his umbrella".

ئەو گوتی كە ئەو ڕەكەی ون كردووە.

He said "that he was very happy".

ئەو گوتی کەوا ئەو زۆر دڵتەنگ بوو.

He said "that he had been going to town with his brother".

ئەو گوتی کەوا ئەو خەریکی ڕۆیشتن بوو بۆ شار لەگەڵ براکەی.

She said "that they had been waiting out side".

ئەو گوتی کەوا ئەوان چاوەڕوانیان کردبوو لە دەرەوە.

He said "that he was coming to see me then".

ئەو گوتی کەوا ئەو پاشان دەهات بۆ دیدنم.

Infinitve چاوگ	وانای چاوگ بەکوردی	Past tense ڕابردووی سادە	Past Participle ناوی کارلێکراو
To spill	ڕشتن	spilt, spilled	spilt, spilled
To spit	تف کردن	spat	spat
To spring	هەڵبەزین- بازدان	sprung	sprung
To stand	ڕاوەستان	stood	stood
To stick	پێوەنووسان	stuck	stuck
To sting	پێوەدان (مارو..)	stung	stung
To strike	مانگرتن	struk	struk
To sweep	گەسک دان	swept	swept

To swell	تاوسان	swelled	swelled
To swing	باخان	swung	swung
To teach	فیرکردن	taught	taught
To tell	پی‌گوتن	told	told
To think	بیرکردنوه	thought	thought
To understand	پی‌گه‌یشتن	understood	understood
To wet*	ته‌رکردن	wetted . wet	wetted . wet
To wring	گوشین	wrung	wrung
To behold	ته‌ماشا، سه‌یرکردن	beheld	beheld
To be seech	پرولینان	besought	besought
To be reave*	بی‌به‌ش کردن، نائومید کردن	bereaved	bereaved
To abide	مانوه، جێگیربوون	a bode	a bode
To leap	بازدان	leapt, leaped	leapt, leaped
To cleave	لێکردن، شکاندن	cleft	cleft
To clothe	پۆشین	clothed, clad	clothed, clad
To crow	بانگ دانی که‌له‌شێر	crowed	crowed
To dare	وێران	dared, durst	dared, durst
To dwell	ژیان کردن	dwelled, dwelt	dwelled, dwelt
To flee	هه‌لاتن	fled	fled

To gild	زێڕ کفت کردن	gilded, gilt	gilded, gilt
To gird	پشتێن بەستن	girded, girt	girded, girt
To hew*	بڕین	hewed	hewed
To knit	بڕۆگرۆ کردن	knitted, knit	knitted, knit
To rend	دڕاندن	rent	rent
To seek	گەڕان بەدوای	sought	sought
To shear	هەڵبڕاچین	sheared	sheared
To shoe	نال کردن	shoed, shod	shoed, shod
To slink	ماتمساته ڕۆیشتن	slunk	slunk
To speed	ناردان	speeded, sped	speeded, sped
To spin	ڕشتن	spun	spun
To strew*	ڕشاندن، پڕژاندن	strewed	strewed
To string	ڕستن، هەوداهەودا کردن	strung	strung
To stink*	هەڵپیتوەدان	stunk	stunk
To thrive	گەشەکردن	thrived	thrived
To weep	گریان	wept	wept
To lend	قەرزدان	lent	lent
To mow*	گیا دروون	mowed	mown, mowed
To forget	لەبیرکردن	forgot	forgot

To deal	مامەلە کردن	dealt	dealt
To win	سەرکەوتن، بردنەوە	won	won
To bless	دوعای خێر کردن	blessed	blesset
To fortell	قسەی خۆزە پێش دان	fortold	fortold
To kneel	چۆك دادان	knelt	knelt

گرێی سێیەم: ئەوفرمانانەی هەرسێك بەشیان لێك جیایە:

To awake*	لەخەو هەستان	awoke	awaked
To be, am, is, are	بوون	was, were	been
To bear /beə/	زان، تەحەمول کردن	bore	born
To begin	دەست پێ کردن	began	begun
To bite	گەستن	bit	bitten
To blow	باهاتن، فوکردن	blew	blowen
To break	شکان	broke	broken
To can	توانین	could	beenable
To choose	هەلبژاردن	chose	chosen
To do, does	ئەنجام دان، کردن	did	done
To draw	ڕێنەکێشان	drew	drawen
To drink	خواردنەوە	dank	dronk

To eat	خواردن	ate	eaten
To fall	کەوتن	fell	fallen
To fly	فڕین	flew	flawn
To forbid	قەدەغەکردن	for bade	for bidden
To forgive	لێبوردن	for gave	forgiven
To forsake	بەجێهێشتن	for sook	for saken
To freeze	سەهۆڵ بەستن	froze	freezan
To give	دان پێدان	gave	given
To go	چوون	went	gone
To grow	ڕووان	grew	growen
To for bear	چاوپۆشین	forbore	forborn
To hew*	بڕین	hewed	hewn
To hide	شاردنەوە	hid	hidden
To know	زانین، ناسین	knew	known
To lie	ڕاکشان	lay	lain
To mow*	گیادروون	mowed	mown
To ride	سواربوون	rode	ridden
To ring	زەنگ لێدان	rang	rung
To rise	ڕاڕەهەڵاتن، هەستان	rose	risen
To shake	تەکان دان	shook	shaken
To shrink	گنج هەڵاتن	shrank	shrunk

To sing	گۆرانی گوتن	sang	sung
To sink	نقوم بوون	sank	sunk
To bereave*	بێبەش کردن، نالوبێدکردن	bereave	bereft
To chide	سەرزەنشت کردن	chid	chidden
To cleave*	لەتکردن، شکاندن	clove	cloven
To crow*	بانگ دانی کەلەباب	crew	crowed
To thrive*	گەشەکردن	throve	thriven
To sew*	دروون- دروومان کردن	sewed	sewn
To saw*	بڕینەوە بەمشار	sawed	sawn
To show*	دیان	showed	shown
To sow*	چاندن	sowed	sown
To swell*	باکردن، ئاوسان	swelled	swollen
To shear*	هەڵتەچین	shore	shoren
To strew*	ڕشاندن، پرژاندن	strewed	strewn
To stink*	بۆنخراپدان	stank	stunk
To drive	ئاژەڵپەین	drove	driven
To blend	تاوتەکردن	blended	blent

گرووپی چوارەم :ئەو فرمانانەی بەشنوەی جیاجیا سەرف دەکرێن

To become	بوون... بە	became	become
To come	هاتن	came	come
To run	ڕاکردن	ran	run
To ought	ناچاربوون	ought	-
To must	پێویست بوون	had to	-
To may	ڕەنگە، لەوانەیە	might	-
To beat	لێدان	beat	beaten
shall		should	-
will		would	-

کۆتایی

The end

فەرهەنگۆک

ئینگلیزی	عەرەبی	کوردی	ئینگلیزی
Active Voice	مەعلوم	ناسراو	ئەو ڕستەیەی کە بکەرەکەی دیار بێت.
Accusative Pronoun.	ضمیر المفعول	ڕانەوی کارلێکراو	ڕانەوێکە کە جێگای ناوی کارلێکراو دەگرێتەوە و بە ئەی فرمانی تێپەڕ بان زیادە واژە دا دێت.
Adjective	صفة	ناوەڵناو	وشەیەکی ڕستەیە هەمیشە لەگەڵ ناو دا دێت.
Adverb	حال ـ ظرف	ناوکارمان	وشەیەکی وا دەڵێ کات وشوێن و ئەواستە و... هتاوی دەکات.
Affirmative	مثبت	ئەری	وشە بان ئامرازێك کە ئەنجامدانی کارێك ڕەت دەکاتەوە.
Auxiliary	فعل مساعد	فرمانی یارمەتیدەر	ئەو فرمانەی کە وەك تەواو کەری فرمان بە کار دەهێنرێت.
Conjuntion	حرف عطف ، حرف ربط	ئامرازی پەیوەندی	ئەو زۆرشتەیەی کە بۆ پێکەوە بەستەوەی دوو ڕستە یا ... بە کار دەهێنرێت.
Consonant	حرف صامت	پیتی بێ دەنگ	ئەو پیتەی کە بە هۆی دەڵان،زمان یا لێو دەردەبڕێت.
Feminine	مؤنث	مێیینە	ڕەگەزی مێ کچ ، ژن.
Future	مستقبل	داهاتوو	ئەو دەمەی هێشتا نەهاتووە.
Indefinit	مصدر	چاوگ	بنچینەی فرمان.
Irregular Verb	فعل اللاقياسي	فرمانی بێ یاسا	ئەو فرمانانەی ئینگلیزی کە لە صەرف کردنا ڕێك ناکەون.
Interrogative	استفهام	پرس	وشە یا ئامرازێك کە بۆ پرسیار بە کار دێنرێت.
Musculin	مذكر	نێرینە	ڕەگەز(جنس)ی نێر. گور ، پیاو
Negative	نفي	ئەری	وشە یا ئامرازێك کە ئەنجام دانی کارێك ڕەت دەکاتەوە.
Nominative Pronoun.	ضمير الفاعلي	ڕانەوی بکەری	ئەو ڕانەوانەی کە جێگای بکەر دەگرنەوە.
Noun	اسم	ناو	وشەیەکە بۆ ناو نانی کەس یاڵ شت بان شوێنێك بە کار دەهێنرێت.
Object	مفعول	کارلێکراو بان کارلێکەر	هەر شتێك بان کەسێك کە لە ڕستە دا کاری لەسەر بکرێت بان کاری تێبکرێت.
Ordinary	فعل الاصلي	فرمانی ئاسایی	دەستەیەك لە فرمانەکانی ئینگلیزی.
Passive Voice	المجهول	ئەناسراو	ڕستەیەك کە بکەری نەبێت یان بکەرەکەی بکەوێتە

Past Participle	اسم المفعول	کاری کار لێکراو	کارلێکراوی سێیەمی فرمان.
Past Tense	زمن الماضي	دەمی ڕابردوو	ئەو دەمەی کە کارێکی لێ دا کراوە و لێ بەرهێرە هەموو هەوڵەکانی کارلێکراوی دووەمی فرمان.
Plural	صيغة الجمع	کۆ	ئەوێنک کە لە یەک پتر بێت.
Possessive Pronoun.	ضمير الملكي	ڕانـــــــاوی خاوەندارێتی	وشەیەکە کە خاوەندارێتی کەسێک یان شتێک بەسەر کەس یان شتێکی ترەوە بەیان دەکات.
Preposition	حرف جر	ژێدە وتژە	لە ڕستەی فارسیدا پێش دەکەوێت (حرف اضافه)
Present Participle	اسم الفاعل	کاری بکەر	ئەو فرمانەی کە دەکرێتە ڕەگەزێکی بکەرێیەوە.
Pronoun	ضمير	ڕاناو - جێناو	ئەو پێت یان وشەیە کە جێگای ناو دەگرێتەوە.
Reguler Verb	فعل القياسي	فرمانی یاسایی	ئەو فرمانەی کە لە سەرلێکدانا پێوەری لە ed دەکەن.
Singular	صيغة المفرد	تاک	ئەو ناوەی کە لە یەک پتر نەبێت.
Subject	فاعل	بکەر - کارا	ئەو کەس یان شتەی کە کارێک دەکات.
Verb	فعل	کردار - فرمان	ئەو کارەی کە بکەر دەیکات.
V. Intransitive	فعل لازم	فرمانی نێپەر	فرمانێک کە بێ کارلێکراو واتای تەواو دەبەخشێت.
V . Transitive	فعل متعدي	فرمانی لێ دەبر	فرمانێک کە بە بێ کارلێکراو واتای ڕستەکە تەواو نابێت.

سەرچاوەکان

1.گرامر انگلیسی آریان – فرهنگ ذو الفقاری
2.گرامر جامع زبان انگلیسی – آیاد حداد.
3.انگلیسی قدم بقدم مجتبی مدرسی تهرانی.
4.قاموس القاریٔ إنگلیزی – عربی
5.زمان و لەدوبی کوردی ۱،۲،۳،۴،۵،۶.
6.HARR AP 'S New Pocket Dictionary .English - French\French -English
7.The New English cours for Iraq 2.3.4.8

هەڵەنامە

خوێندەری بەڕێز!

لە گەڵ داوای ل بوردن بەر لەوەی کتێبەکە بخوێنیتەوە هەڵەکان بە گوێرەی ئەم هەڵەنامەیە ڕاست بکەرەوە.

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٧	١٩	١٣٠	—
٣٣	٤/٥/٠	o p ɔ	o p ɔ
٣٤	١٨	consonant	consonant
٣٥	٢	vowels	vowels
٣٥	٩/٨	ʃ o	i o
٣٥	٢٠/١٨/١٧	ʃ o pencil pncl	i o pencil pncl
٣٩	١٩	ژ ئەت	ژنیت
٤١	٩	a women	a woman
٤٣	١٩	tonight ئەم شەو	today ئەمڕۆ
٤٤	٩	daughter(دزانی)کچ	loafer(ژنەر)گەڕۆک
٥٦	٣	thiS	this
٥٩	١٣	سەر پەڕەی هەمە من	ئەم دێرە لە لای چەپەوە دەخوێنرێتەوە
٦٢	٢١	JordaN	Jordan
٦٥	٩	(ڕەنگ)	(ڕەنگ)
٧١	٧	لاشت	لاشت
٧٢	١٤	(هەناسە)	(ژیانەوە)
٧٥	١٧	Auther نژەر داهێنەر	Breath هەناسە دان ڕیت
٧٥	١٩	لەشکەڵێدران	لەشکەڵێدران
٧٩	٢	لە گەڵیارگ	لە گەڵ چاوگ
٨٣	٦	?	—
٨٦	٥	Tigres	Tigris

۸۲	۱۶	london		London
۹۱	۹	دظیز		
۹۲	۲۰	رزاگار		
۹۴	۳	cacv)		pennies (peace)
۹۷	۱	Hercules		Hercules'
۹۹	۱	Quatitative		Quantitative
۱۰۱	۱۰	ادرویاد		
۱۰۱	۱۴	به تصادفین		
۱۰۲	۵	گدروه		
۱۰۵	۱۴	تروسن	to do	to do
۱۰۵	۱۵	تایام داه	to write	to write
۱۰۷	۵	تز دحوالیت برایت		
۱۱۳	۲	قروتاتاه		
۱۱۹	۶	Percentage		Percent
۱۳۰	۱۶	ادم../		
۱۳۰	۱۸	ادر../		
۱۳۳	۱۹	wich		which
۱۳۴	۱۷	داود		
۱۳۶	۸	mony		money
۱۴۰	۹	ay		pay
۱۴۱	۲۰	قروتاتاه		
۱۵۲	۶	حوادا		
۱۵۶	۱۸	گرد		
۱۵۹	۴	2 year		2 years
۱۶۱	۱۲	دادی		
۱۶۳	۷	به‌کام و دروم و سن‌یمی		
۱۶۸	۱۱	ادادن		
۱۷۰	۴	tens		tense
۱۷۰	۱۱	ادرای		
۱۷۲	۱۴	دعلیت		

۱۷۲	۲۰	...time has...	...time , has...
۱۷۷	۹	II s	IIe
۱۹۲	۱۷	به قالن دراوی بەجێ‌نەهێنانێت	بەقالن دەراوی بەجێ بهێنانێت
۱۹۳	۲۲	got	gone
۱۹۶۱	۱۰	گەراوەتەوە	گەراوەتەوە
۱۹۷	۹،٦	اصطلاح	مصطلح
۲۰۱	۱٦	writting	wrriting
۲۰۵	۱٤	مارینەدان	پێرەدان (مار ، دروشك...)
۲۰۷	۸	دان پێ دان	پێدان/دان
۲۰۸	۱۷	مارینەدان	پارەدان (مار ، دروشك...)

نێوەرۆك

پێشكەش
چەند قسەیەك ١
دەستپێك ٤
وانەی یەكەم ٧
پیتەكانی دەستووسی ٩
وانەی دووەم ـ پیتەكان و دەنگەكانیان ٣٢
ئەلفوبێتكەی بچووكی چاپی ٣٧
ئەم وشانە فێربە ٣٩
وانەی سێیەم ـ ژمارەكان بخوێنەوە و لە بەر كە ٤٢
ئەم وشانە لە بەر كە ـ رۆژەكانی هەفتە ٤٣
وانەی چوارەم ـ پرسیار لە كات ٤٨
یەكەم ناسین ٥٠
ئەلفوبێتكەی گەورەی چاپی ٥٢
چەند كورتە رستەیەك ٥٤
وانەی پێنجەم ـ ئەندامەكانی لەش ٥٩
خوێندنەوە ٦٢

وانەی شەشەم ــ بەکارهێنانی a وەک ٦٥
بەکار هێنانی the ٦٧
وانەی حەوتەم ــ پێکهێنەرەوەکان ٦٩
وانەی هەشتەم ــ دەم لە زمانی ئینگلیزی دا ٧٨
دەمی رانەبردووی بەردەوام ٧٨
خولێنەرەوە ٨١
وانەی نۆیەم ــ ناماڕازی ناساندن ٨٣
ناماڕازی ناساندنی نادیار ٨٣
ناماڕازی ناساندنی دیار ٨٥
ناو ٨٦
کۆ کردنی ناو ٩٠
وانەی دەیەم ــ دۆخەکانی ناو ٩٦
ناوەڵناو ٩٨
پێوانە کردنی ناوەڵناوەکان ١٠٠
بەکار هێنانی پلەکانی ناوەڵناو ١٠١
چۆنیەتی دروست کردنی ناوەڵناوی پلەی ١٠١
وانەی یازدەیەم ــ فرمان ١٠٥
ئێ بینی لەسەر ing ١٠٧

دەمی رانەبردووی سادە ١٠٩
خوێندنەوە My town ١١٤
پاشخانەی زمانەکان ١١٦
وانەی دوازدەیەم ـ دەمی داهاتووی بە going to ١٢٠
رانانەکان ١٢٤
وانەی سێزدەیەم ـ ناوەڵناوەکان ١٣٠
١ـ ناوەڵناوی نامازە ١٣٠
٢ـ ناوەڵناوی دابەشین ١٣١
٣ـ ناوەڵناوی چاڵاکیەتی ١٣٤
وانەی چواردەیەم ـ وشەکانی پرس ١٤٠
٤ـ ناوەڵناوی خاوەندارێ ١٤٤
٥ـ رانانی لکاو ١٤٥
وانەی پازدەیەم ـ ناوەڵفرمان ١٤٨
زنجیرە وازە ١٥٠
وانەی شازدەیەم ـ دەمی ڕابردووی سادە ١٥٦
دەمی ڕابردووی سادەی بەردەوام ١٦٢
دەمی ڕابردووی تەواو ١٦٥
خوێندنەوە The Dictionary ١٦٩

ڕابردووی تەواوی بەردەوام..... ١٧٠
چەند فرمانێکی بێ‌یاسا..... ١٧٣
دەمی ڕابردووی دوور..... ١٧٤
ڕابردووی دووری بەردەوام..... ١٧٨
ژمارەیەکی تر لە فرمانەکانی گرووپی دوو..... ١٧٩
دەمی داهاتوو ــ داهاتووی ڕووت(مطلق)..... ١٨١
داهاتووی بەردەوام..... ١٨٥
چەند فرمانێکی بێ‌یاسا لە گرووپی دوو..... ١٨٩
دەمی داهاتووی بەردەوام..... ١٩٠
ڕستە مەجی‌یەکان..... ١٩٢
دەمی ڕانەبردووی مەرجی..... ١٩٤
دەمی مەرجی تەواو..... ١٩٦
ئایدیۆم..... ١٩٧
فرمانی ناسراو و نەناسراو..... ١٩٩
گۆڕینی فرمانی ناسراو بۆ نەناسراو..... ٢٠٠
قسە گێڕانەوە..... ٢٠٢
پاشماوەی فرمانە بێ یاسایەکان..... ٢٠٣
گرووپی سێیەم لەفرمانە بێ یاسایەکان..... ٢٠٦

گرووپی چوارەم لە فرمانە بێ یاساییەکان..... ٢٠٩
لەرهەنگۆك..... ٢١١
سەرچاوەکان..... ٢١٣
هەڵەنامە..... ٢١٤
ئەرمرۆك..... ٢١٧
بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی نووسەر..... ٢٢٢
ڕێز و سوپاس..... ٢٢٣